

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٩ و ٢٠ ) :


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢. | پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گەلەکەمان ئەرکی ئایینی هەموو موسڵمانێکی خاوەن هزرە | سەرنوسەر |
| ٣. | ئایا کاتی وەهۆش خۆ هاتنەوە نەهاتووە..؟ | م. جهاد قادر |
| ٤. | ئایا جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە..؟ | ڕێبین محمود |
| ٥. | هۆکارێك بۆ دڵ پتەوی | بلال جلال |
| ٦. | گەورەیی و پاداشتی خوا بەتەنها ناسین | م. أبوبكر أحمد |
| ٨. | لە موعجیزەکانی سورەتی ( الکوثر) | م. زريان عبدالله |
| ١٠. | مەرجەکانی دروستێتی گوێ گرتن لە سرورد | م. هێمن أحمد |
| ١٠. | چۆنیەتی سەلام کردن و وەڵام دانەوەی سەلام | فلاح نجيب |
| ١١. | سود وەرگرتن لە کات | كاروان سيف الدين |
| ١٢. | مەرامەکانی ڕۆژهەڵات ناسی | م. على محمد خان |
| ١٤. | چەند ئاینێکی مەزنە ئەگەر کەسانی شایستەی هەبێت | م. عثمان أحمد |
| ١٥. | خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە لە ئیسلامدا | محمد قادر |
| ١٦. | بۆچی دژایەتی ئیسلام دەکەن | إدريس محمود |
| ١٧. | کلیلی تاوانەکان | شەماڵ رمضان |
| ١٨. | آیا میدانستید کە | هاورێ سعيد |
| ١٩. | ترسناکی چوونە لای فاڵچی و جادوگەران | شالاو لگيف |
| ٢٠. | سەربەستیت لە هەڵبژاردنی دواڕۆژتدا | صباح نجيب |
| ٢١. | بەرەو تاقیکردنەوە | م. هێرۆ حيدر |
| ٢٢. | ئایا ڕۆژێك بیرت کردووەتەوە کامەیان گرنگترە..؟! | هاوكار محمود |
| ٢٣. | چۆنیەتی دروست بوونی مرۆڤ لەلایەن خودای پەروەردگارەوە... | محمد ظاهر |
| ٢٥. | لە بنەڕەتدا خۆشەویستی تەنها شایەنی خوای گەورەیە | هەڵمەت صلاح الدين |
| ٢٥ | زانست دەپرسێت | صباح و جهاد |
| ٢٧. | سوێند خواردن بە قورئان و تێبینیەك | م. فلاح حسن |
| ٢٨. | القلب | هوار عادل |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە .

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدين .

دەستەی نووسەران :

علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .

صلاح على قادر. دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی

هيمن كريم عەزيز. کۆپیوتەری هەولێر

جيهاد قادر. دەرچووی عەرەبی قەڵادزێ

دیزاینی بەرگ:

سەردار عبدالله. ڕانیە

## پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گەلەکەمان ئەرکی ئایینی هەموو موسڵمانێکی خاوەن هزرە

خوای پەروەردگار نیعمەتی زۆرە بەسەر بەندەکانیەوە و لە هەموو جۆرێکی پێبەخشیون ، بەشێوەیەك کە لە ژماردندا نایەت هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴾ ( إبراهيم : ٣٤ ).

لەو نیعمەتانەش کە باسی لێوە کردوون نیعمەتی تێرکردن و نەهێشتنی برسێتی و پێبەخشینی ئاسایش و ئارامی ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ ﴾ ( قريش : ٣ — ٤ ) .

واتە : با پەروەردگاری ئەم ماڵە . کە کەعبەیە . بەتاك و تەنهایی بپەرستن ، چونکە هەر ئەوە کە لە برسێتی تێری کردوون ، و لە ترس و دڵنیگەرانی ئاسایشی کردوون .

وە بۆ زیاتر چەسپاندنی گرنگی ئەو دوو نیعمەتە و لەبەرچاوبوونی بەندەکان دەبینین خوای پەروەردگار نموونەی شارێك . یان : لادێیەك . مان لە قورئانی پیرۆزدا بۆ تۆمار دەکات ، کە شاری مەککەیە . هەروەکو زۆرێك لە ڕاڤەوانانی قورئان فەرموویانە . ئەوەش لەو ئایەتەی کە تێیدا فەرموویەتی : ﴿ وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِنْ كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ وَلَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ وَهُمْ ظَالِمُونَ فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ ( النحل : ١١٢ — ١١٤ ).

واتە : خوای پەروەردگار نموونەتان بە شارێك بۆ دەهێنێتەوە کە ئەهلەکەی لە ئەمن و ئاسایشدا دەژیان ، ڕزق و ڕۆزیان بەباشی لە هەموو لایەکەوە بۆ دەهات ، کەچی ئەوان کوفری ئەو نیعمەتانەیان کرد کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیبوون ، ئەویش لە بەرامبەردا پۆشاکی برسێتی و ترسی لەبەرکردن بەهۆی کردەوەکانیانەوە ، چونکە هەر ئەوان بوون لە خۆیان پێغەمبەریان ﷺ بۆ هات کەچی بەدرۆیان دانا ، بەوەش تووشی سزایی خوای پەروەردگار بوون بەهۆی ستەمیانەوە ، جا بخۆن لەو ڕزقەی کە پێی بەخشیون بەحەڵاڵی و بەپاکی ، و شوکر و ستایشی پەروەردگارتان بکەن ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنهایی دەپەرستن .

**جا لە ڕۆشنایی ئەم چەند ئایەتەوە ڕوودەکەمە موسڵمانان بە گشتی و فێرخوازانی خاوەن هزر بەتایبەت کە :**

١ . بۆ زیادبوونی نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار بەگشتی و ئەم دوو نیعمەتە بەتایبەت با شوکرانەبژێر بین ، چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴾ ( إبراهيم : ٧ ) .

واتە: .... ئەگەر شوکرانەم بکەن ئەوا بۆتان زیاتر دەکەم...

٢ . لە هەوڵی پاراستنی ئەو دوو نیعمەتەی خوای پەروەردگار بین کە خوای پەروەردگار پێی کەرەم کردووین نەك لەدەست دانیان : ﴿ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ ( البقرة : ١٥٢ ) . واتە: شوکری من بکەن و کوفر مەکەن.

٣ . لە هەموو ئەو ڕێگە و فاکتەرانە دووربکەوینەوە کە بە هۆیانەوە ئەم دوو نیعمەتەی خوای پەروەردگارمان لەدەست دەچێت : ﴿ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ﴾ .

واتە: خودا گۆڕیەوە بە بەرگی برسێتی و ترس لەبەرئەوەی کەدەیان کرد.

٤ . بۆ سەلماندنی بەندایەتی تەواومان بۆ خوای پەروەردگار با شوکرانەبژێر بین لەبەرامبەر ئەو دوو نیعمەتە ، نەك ئەو ڕێگایانە بگرینەبەر کە گەل و نیشتمان و نەتەوەمان توشی ناهەمواری و ترس و نائارامی بکەین : ﴿ وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ .

واتە: شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی خوا بکەن ئەگەر بەندایەتی بۆ ئەو دەکەن.

٥ . دەبێت بزانین کە سزای خوای پەروەردگار بەرامبەر بە شوکرانەبژێری نەکردنمان بەرامبەر بەم دوو نیعمەتە ، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ ﴾ .

**سەرنووسەر**

## ئایا کاتی وە هۆش خۆ هاتنەوە نەهاتووە ؟!

لە ڕاستیدا جێگەی خۆشحاڵیە ئەمڕۆ کە ئەم مینبەرە جوان و قەشەنگ و بەسوودە پشکدار بێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك ، جا لەو سۆنگەیەوە و لە درێژەی ئەو زنجیرەی کە لە ماوەی ئەو چەند ژمارەیەی ئەو ساڵی بڵاوکراوەکەتان ( زانست ) دەستمان پێکردبوو ، دەمەوێ بڵێم : کە خوای پایە بەرز لە پەرتوکە پیرۆزەکەیدا دەفەرموویت: ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ (الحديد: ١٦). واتە : ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ترسی خوای لە دڵەکانیاندا بڕوێنن بە هۆی یادی بەردەوامی خوا و ئەو قورئانەی کە ڕەوانە کراوە ، وەکو جولەکەو گاورەکانیان لێ نەیە کە لەوەو پێش ( الله ) ئینجیل و تەوراتی بۆ ناردبوون ، بەڵام کە ماوەیەکی درێژیان بەسەردا تێپەڕی دڵیان ڕەق بوو، وە زۆربەیان فاسیق بوون.

فێرخوازی زرنگ و عەزیزم ئیبن مەسعود . ڕەزای خوای لێ بێت . دەفەرموویت : تەنها چوارساڵ بوو ئێمە موسڵمان بووبووین ، کەچی خوای گەورە بەو ئایەتە عیتابی لێگرتین و سەرزەنشتمانی کرد ( إكمال المعلم شرح صحيح مسلم : ٢٩٨/٨ )

جا بەڕاستی دڵ ڕەقی و پشوو درێژی و دواخستنی تۆبە ، هۆکاری بێ ئاگایی و هەڵبژاردنی دونیایە بەسەر ئاخیرەتدا ، هەروەکو ترسان و کزۆڵی و زیکرو یادی خواش هۆی هەڵبژاردنی ئاخیرەتە بەسەر دونیادا ، وە سەیرکردنی دونیاش وەکو خۆی ! وەکو چۆن خوا ئەفەرموێت:﴿اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ ( الحديد:٢٠). واتە : باش بزانن کە بەڕاستی ژیانی دونیا گاڵتەو گەپەو ڕازاوەیی و خۆبەسەریەکدا هەڵکێشان و شانازی کردنە بە زۆری ماڵ و منداڵ ، هەروەکو بارانێکی بەهێز وایە کە جوتیار دڵخۆش دەکات بە هۆی شین بوونی کشتو کاڵەکەی دوایش دەبینیت زەرد هەڵگەڕاوە و پاشان وشك دەبێت ودواتریش تێك دەشکێت و وردوخاش دەبێت ، و لە کۆتایشدا سزایەکی بە ئێش و لێخۆشبوون و ڕەزامەندیە لە لایەن خواوە ، ژیانی دونیا هیچ نیە جگە لە کەل و پەل و هۆی بەفریوخواردن !!

دەی دۆستان کەوایە شیاوە بیر لە سەرەنجامی خۆمان بکەینەوە و ئەم ژیانە پێنج و دوو ڕۆژەی دونیا نەگۆڕینەوە بە ژیانی سەرمەدی و ئەبەدی قیامەت !!! خۆمان نەکەینە سوتەمەنی و قوربانی هیچ کەسێك !!! وە چارەسەریش لە هەموو ئەو فریوخواردن و هەڵخەڵەتاویە بەوە دەبێت کە خوا دیاریکردوەو فەرموویەتی:﴿ سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ (الحديد: ٢١). واتە : پێشبڕکێ بکەن بۆ لێخۆشبوونی خواو بەهەشتێك کە پانیەکەی بە قەد پانی ئاسمان و زەویە ، کە ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خواو پێغەمبەرەکانی ، ئەوەش فەزڵ و بەخششێکە خوا دەیبەخشێتە هەرکێ کە ویستی لێبێت ، خواش خاوەن فەزڵ و بەخشش گەلێکە ( أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن:٥٠٦/٨ ) .

لە ئایەتی شازدەی ( الحديد ) دا دەردەکەوێت بەڕاستی شیاو نیە بۆ گەلی قورئان کە بێ ئاگا بن بەهۆی زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان و نواندن و ڕۆمان و یانەکانی گاڵتە و گەپ ، وە پێویستە دڵەکان بێتە لەرزو جوڵە و نەرم بوون لە کاتی بیستنی ئایەتەکانی خوای خالیق و ڕازق . دایکمان عائیشە ـ رضـي الله عنها ــ دەفەرموویت : من دەزانم کەی وەڵامم دەدرێتەوە ، کاتێك پێستم هاتە گرژبوون و دڵیشم هاتە لەرزین و چاوەکانیشم فرمێسکیان داباراند !! ( أيسر التفاسير لكلام العلي الكبير:٤٨٠/٤ ) .

فضیلی کوڕی عیاض گوێی لە قورئان خوێنێك بوو ئەو ئایەتەی شازدەی ( الحديد ) ی دەخوێند ، ئەویش فەرمووی بەڵێ : کاتی هاتووە ، ئەوە بووە هۆی گەڕانەوەی بۆ لای خوای پەروەردگار ! و فەرمووی هۆ خوایەگیان من وا تۆبە دەکەم و دەگەڕێمەوە لات و تۆبەکەشم بۆلات بە هەڵبژاردنی دراوسێیەتی ماڵە پیرۆزەکەت کەعبە دەبێت ( التسهيل لعلوم التنزيل لابن جزى:١٣٦/٣، والكشف والبيان:٢٤٢/٩ ) .

دەسا کورگەل با بیرێك بکەینەوەو بزانین زانستمان لە کێ وەردەگرین ، لەبەر ئەوەی ئەوە دینە و پێویستە لەسەریشت بزانی لە کێی وەردەگریت ؟ لەوانەی کە بەردەوامن نەك لەوانەی کە هەر ڕۆژەو بەلایەکدا لار دەبنەوە و خۆشیان

نازانن لەسەر چ دینێکن !! پەنا بەخوا ...

( ئەعمەش ) دەفەرمووێت : کاتێك کە چوونە مەدینە توشی خۆش گوزەرانی و نەرمی ژیان هاتن و تۆزێ ساردبوونەوە لە هەندێ لەوەی لەسەری بوون ، ئەو ئایەتەی شازدەی ( الحدید ) دابەزی و عیتابیان لێگیرا ( تفسیر القرآن لعبد الرزاق الصنعاني:١٢٧/٧ ) .

ئەی فێرخوازانی هۆشەنگ و هاونیشتیمانیانی خۆشەویست و ئازیزم .. ئەی ئێمەی گەلی کورد دوای ئەو هەموو نارەحەتی و وا وەیلاتانەی هەرکەسەو بای خۆی چێشتنی ، کەچی خەریکە ئەو ڕۆژانەمان بیردەچێت و توشی جۆرێك لە بێ ئاگایی و فریوخواردن هاتووین بە دونیاو ، وە لای هەندێك نزیکە ئاخیرەت لە بیر دەکرێت !! مەگەر ناترسین لەوەی خوا دەربارەیان فەرموویەتی:﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ ، جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ (إبراهيم:١٩ – ٢٠) . واتە : ئایا نابینیت ئەوانەی خوا ناز و نیعمەتی بەسەردا ڕژاندبوون ، کەچی گۆڕیانەوە بە کوفر و ناسوپاس گوزاربوون و گەلەکانیان توشی بە هیلاك چوون و فەوتان برد ، خۆیان و شوێنکەوتەکانیشیان ڕووە و دۆزەخ ڕاپێچ دەکەن ، کە خراپترین شوێنی جێگیر بوونیشە .

**م.جیهاد قادر عەلی : دەرچووی عەرەبی**

## ئایا جنۆکە ئەچێتە لەشی مرۆڤەوە ؟

بەداخەوە ئەبینین زۆری خەڵك ئەمرۆ ئینکاری ئەوحەقە ئەکەن لەکاتێکدا شوێن کەوتوانی ئەهلی سونەوجەماعە ئەوە بەراست ئەزانن .. بەڵگەشیان بۆ ئەو کارە ئەمانەی خوارەوەیە :

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ الذين يأكُلونَ الرِّبا لايَقومُونَ إلاّ كَمَا يَقومُ الذي يَتَخَبَّطُهُ الشَيطانُ مِنَ المَسِّ ﴾ (البقرة: ٢٧٥) ، واتە : ئەوانەی سوو دەخۆن هەڵسوکەووت ناکەن ڕاست نابنەوە لە گۆڕدا مەگەر وەك ئەو کەسەی شەیتان دەستی لێوەشاندبێت .

پێشەوا ( الطبري و القرطبي و ابن كثير ) . بە ڕەحمەت بن ـ دەفەرموون : ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان دەچێتە لەشی مرۆڤەوە . بەڵگە زۆرە لە قورئان بەڵام موسڵمانی حەق ویست یەك بەڵگەی بەسە .

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " إذا تَثَاءَبَ أَحَدُكُم فَلْيَضَعل يَدَهُ على فيه فإنّ الشيطَانَ يَدخلُ " ( رواه مسلم ٢٩٩٥ ) ، واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە باوێشکیدا بادەستی بخاتە سەر دەمی چونکە شەیتان دەچێتە ناوەوە .

شێخ الإسلام ابن تیمیە دەفەرموێ هەر کەسێك بروای بەوە نەبێت کە شەیتان دەچێتە لەشی یەوە ئەوە نیوەی شەرعی بەدرۆ زانیوە .

لای زانایانی ئەهلی سونە وجەماعە ئەوە حەقێقەتە کە هیچ یەکێکیان ئینکاریان نەکردووە وە ئەو کەسانەش کە ئینکاری ئەکەن موجەرەد ڕەئیە هیچ بەڵگەیەکی صەحیحیان پێنیە بۆ سەلماندنی قسەکەیان هەر کەسێکیش ئەوە بیرووباوەریەتی واجبە لەسەری تەوبە بکا .

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " إنّ الشّيطانَ يَجري من ابن أدمَ مجرى الدَّم " ( البخاري و مسلم ) .

ئەی مسوڵمانی خۆشەویست ئەم فەرموودەیە هەموو شوبهەکان هەڵدەوەشێنێتەوە ، شەیتان بەناو دەمارەکانی لەشی مرۆڤدا دەڕوات بەو شوێنەدا کە خوێن پێیدا دەڕوات.

وە شێخ الإسلام ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت چەندجار جنۆکەی دەرکردووە کە چۆتە لەشی مسوڵمانانەوە وە بەواقعیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەبینین کە موسڵمانی وا هەیە جنۆکە ئەچێتە لەشیەوە ، سەیریش ئەوەیە موسڵمانی وا هەیە بروای بەوە نیە !!! بەڵام لەهەمان کاتیشدا بانگەشەی ئەوە ئەکا کە جنۆکە دەردەکا .

**ڕیبین محمود : ك.ئا. خانەقین**

@@@@@@@@@@@@@@@

## لە ئەزموونەکانی ژیانەوە:

هەمیشە مرۆڤ حەزی لە خۆشگوزەرانیە. بەڵام ئاخۆ دەزانێت لە چ شتێك و لە چ ڕێگەیەکەوە دەیگاتێ..؟!

بەدڵنیاییەوە ئاوەکو نەزانێت خودی خۆشگوزەرانی یانی چی و بەچی دەست دەکەوێت.. هەرگیز نایگاتێ.. چونکە مەرج نیە هەرچی بە هۆکاری خۆشگوزەرانی دانرا... ڕاست بێت و خۆش بەختمان بکات.... **زانست**

## هۆكارێك بۆ دڵ پتەوی

الحمد لله تعالى نحمده ، و نستعينه و نستغفره ، و الصلاة و السلام على من لا نبيّ بعده :

بە دڵنیاییەوە خوای پەروەردگار ( بەڵا ) ی لەسەر هەموو كەسێك داناوە ، (بەڵا) و ( ئیبتیلا ) ش بە مانای ئەوەی كە هاوشێوەی تاقی كردنەوەیە بەڵام قورستر و سەخت ترە ، هیچ كەس لەدەستی قوتاری نابێت ، بەڵام ئەوەی تێدایە كە مرۆڤ بە شتێك ئیبتیلا دەبێت جیاواز لە كەسێكی تر ، بەڵام هەر ئەوەیان هاوبەشە كە كەسی لەدەس قوتارنابێت – ئیمان داربێت یاخود كافر – هەر دەبێ توشی ئیبتیلا ببێت لەم دونیایەدا .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ لە فەرموودەیەكی ( صحیح ) دا وێنەی چێوەی چوارگۆشەیەكی كێشا ، دواتر هێڵێكی درێژی كێشا تاوەكو دەرەوەی چوارگۆشەكە ، ئەوجا چەند هێڵێكی كورتی لە ناوەوەی چوارگۆشەكەدا كێشا كە دەوری هێڵە درێژەكەیان دابوو ، دوای ئەوە ئاماژەی بۆ چوارگۆشەكە كرد و فەرموی : " ئەمە ئەجەلی بەنی ئادەمە و گەمارۆی داوە ، ئەوجا ئاماژەی بۆ هێڵە درێژەكە كرد و فەرموی : ئەمە هیواكانیەتی _ هیواكانی پێویستیان بە چەند جارەی تەمەنی هەیە _ ، دواتر ئاماژەی بە هێڵە كورتەكان كرد لە دەوروبەری ئەم هێڵە درێژە و فەرموی : ئەمانە لەمپەرەكانی ڕێگەین كە ئەگەر لەمەیان ڕزگاری ببێت ئەوی تر دەی هەژێنێت " .

بە واتا : مرۆڤ لە دونیادا لە لەمپەر و نارەحەتی و بەڵا و لە فیتنەش قوتاری نابێت ..! وە بەدڵنیاییەوە یەكێك لە گەورەترین سودەكانی توشبوونی بەڵا ئەوەیە كە دڵ بەهێز و پتەو دەكات ، چونكە دڵ بەڕاستی پێكهاتەی ماددەی لە بەڵا و ئیبتیلایە ، هەر لەبەر ئەمەشە خودا ئیبتیلای بۆ پەیامبەران و ئەولیاكانی داناوە ..!

بۆچی پێغەمبەر موسا كە لەشار دەردەچوو بەترس و چاوەدێریەوە دەچوو ....؟!

بۆ چی پێغەمبەری خودا ﷺ كە لە مەككەوە بۆ مەدینە دەچوو خۆی لە ئەشكەوتێكی بچوكدا حەشاردا ..؟!

بۆچی ئازار تووشی ئیمان داران دەبێت لەكاتێكدا دۆست و خۆشەویستی خودان..؟!

چونكە ماددەی دڵ لە میحنەت و نارەحەتی یە ، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینی لاوازترین دڵ دڵی ئەوانەیە كە خۆشگوزەرانن و خۆش ڕادەبوێرن ، كەچی خەڵكانی بەڵادار و نارەحەت خاوەن بەهێزترین دڵن ..!!

هەروەها مرۆڤ لە دواڕۆژدا بە پێی دڵی كێشانە دەكرێت نەك بەپێی هەیكەل و جسمی ..!!

ئەوەتا پێغەمبەر ئیبراهیم _ علیه السلام _ داوا لە خودا دەكات ، وەك خودا لە قورئاندا دوعاكەی تۆماركردووە : ﴿وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (٨٧) يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (٨٨) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ (الشعراء: ٨٧-٨٩) ، واتە : – خودایا – سەرشۆڕم نەكەی لەو ڕۆژەی كە زندو دەكرێنەوە ، لەو ڕۆژەی كە ماڵ و منداڵ سودێك ناگەیەنن ، مەگەر كەسێك بە دڵێكی ساغ و سەلامەتەوە هاتبێتە لای خودا . بەڵێ بەڕاستی دڵی تەندروست لەو ڕۆژە دژوارەدا كەڵكی هەیە بۆ مرۆڤ ..!!!

ڕۆژێك عەبدوڵڵای كوری مەسعود دەچێتە سەر درەختێك ، هاوەڵانیش بینیان و پێكەنین ، جا پێغەمبەریش ﷺ فەرموی : " چی ئێوەی هێناوەتە پێكەنین ؟ وتیان : ئەی پەیامبەری خودا ..! بە باریكی و لەڕی لاقی پێدەكەنین ، – چونكە ئیبن مەسعود زۆر لەڕبوو، بە جۆرێك كە ئەگەر بایەكی توند هاتبا دەترسا بیخاتە ئەم لا و ئەولادا .. بۆیە كە ڕۆشتە سەر درەختەكە پێی دەركەوت ، ئەوانیش پێی پێكەنین – ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ فەرموی : بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە ئەوانە – هەردوو پێی – لە تەرازوودا – قیامەت – لە كێوی ئوحود سەنگین ترن " ... ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایی دا مرۆڤەكان بە پێی دڵ و ئیمانیان دەكێشێت نەك جسم و روخساریان ..!!

خۆشەویستان ئیبتیلا كردنی ئیمانداران بە لەدەستدانی گرنگیەكانیان یان بە نەخۆشین و نەداری و بە نەهاتنەدی ئاواتەكانیان، بۆ دەركەوتنی ئیمانداری ڕاستەقینەیە لە كەسانێك كە بە ڕووكەش ئیمانیان هێناوە..! ئەوەتا خودا دەفەرموێت:﴿ أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ ﴾(العنكبوت:٢-٣).

**بلال جلال: ك.پ.كەلار/ فیزیا**

## گەورەیی و پاداشتی خوا بە تەنها ناسین

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ... أَمَّـا بَعْدُ : باوەڕداری خۆشەویست : خوا بەتەنهاناسین بریتیە لە بوونی زانیاریو دان نان بەوەی کە خوای پەروەردگار تاك و تەنهایە لەگەڵ بوونی بیروباوەڕێکی تەواو ، واتە : تاکو تەنهایە بەهەموو سیفاتێکی تەواو و بەرز و پیرۆز و جوان ، وە تاکو تەنهایە بە هەموو جۆرەکانی پەرستن .

بەدڵنیایەوە خوا بەتەنها ناسین فەزڵ و پاداشتی گەلێك زۆری هەیە ، بە پشتیوانی خوای پەروەردگار هەندێك لەو پاداشت و سوودانە باس ئەکەین . لەوانە :

یەکەم : خوا بە تەنها ناسین هۆکارە بۆ ئەمینی و هێمنی دونیا و دواڕۆژ : پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (سورة الأنعام: ٨٢ ) ، واتە : ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و ئیمانەکەیان تێکەڵ نەکردووە بە شیرك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ، ئا ئەوانە لە قیامەتدا ئەمینن لە ناخۆشی و ناڕەحەتی ، وە هیدایەت دراون بۆ ڕێگای ڕاستی ئیسلام .

دووەم : خوا بەتەنها ناسین هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " بَشر النّاس أنهُ مَنْ قَال : لا إله إلا الله وَحْدَه لا شَرِيكَ له وَجَبَتْ له الجَنَّـةُ " ( صحيح الجامع : ٢٨٢٤ ) ، واتە : مژدە بدەن بەخەڵکی بەوەی هەرکەسێك بڵێت : هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت ، جگە لە (الله) کە پەروەردگاری هەموو جیهانە ، تاکو تەنهایە و بێ شەریکە ، ئەوا بەهەشتی بۆ واجب دەبێت .

سێ یەم : چاکترین وشەیە کە پێغەمبەران (ﷺ) ووتویانە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أَفْضَلُ الدُّعاءِ دعاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ وأَفْضَلُ ما قُلْتُ أنا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي : لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ " ( صحيح الجامع : ١١٠٢ ) ، واتە : چاکترین و باشترین پاڕانەوە ، پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفەیە ، وە چاکترین نزایەك کەمن و پێغەمبەرانی پێش من فەرموویانە ئەمەیە : ( لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَـهُ ) ، واتە : هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت ، جگە لە (الله) کە پەروەردگاری هەموو جیهانە ، تاکو تەنهایە و شەریکی نییە .

چوارە : خۆشەویست ترین وشەیە لای خوای پەروەردگار : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أَحَبُّ الكَلامِ إلى اللَّـهِ تَعالَى أرْبَعٌ : سُبْحانَ اللَّهِ والحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إلهَ إلاَّ اللَّهُ وَاللَّهُ أكْبَـرُ لا يَضُرّكَ بِأَيِّهِنَّ بَدأتَ " ( مُسلم : ٥٥٦٦ ) واتە : خۆشەویست ترین وشە بەلای پەروەردگارەوە چوارە: پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگار ، وە سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار ، وە هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت ، جگە لە (الله) کە پەروەردگاری هەموو جیهانە ، وە پەروەردگار گەورەیە ، زیانت پێ ناگەیێنێ بەهەرکامیان دەست پێبکەیت .

پێنجەم : بەهۆی خوا بەتەنها ناسینەوە بەندەکان ڕزگاریان ئەبێت لە ئاگری دۆزەخ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لا إلهَ إلاَّ الله وَكَانَ في قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ شَعِيرَةً ثُمَّ يُخْرَجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لاَ إِلَهَ إلاَّ الله وَكَانَ في قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ بُرَّةً ثُمَّ يُخْرجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ : لاَ إِلَهَ إلاَّ الله وَكَانَ في قَلْبِهِ مَا يَزِنُ مِنَ الْخَيْـرِ ذَرَّةً " ( البُخاريّ : ٤٤ ، ومُسلم : ٤٧٧ ) واتە : لە ئاگری دۆزەخ دێتەدەر هەر کەسێك بڵێت : هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله) پەروەردگاری هەموو جیهانە ، ئەگەر چی بەئەندازەی دەنکە جۆیەك چاکەی بووبێت ، پاشان دێتەدەر لە ئاگر هەر کەسێك بڵێت : هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله) پەروەردگاری هەموو جیهانە ، ئەگەر بەئەندازەی دەنکە گەنمێك چاکەی بوبێت ، پاشان دێتەدەر لە ئاگر هەر کەسێك بڵێت : هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله) پەروەردگاری هەموو جیهانە ، ئەگەر بەئەندازەی مێرولەیەکی بچوك چاکەی بووبێت ( بەمەرجێك بە شیرك ئەو ( لاَ إِلَهَ إلاَّ الله ) ی هەڵ نەوەشاندبێتەوە .

شەشەم : خوا بە تەنها ناسین گەورەترین هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەری خوا ﷺ : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ " ( البخاريّ : ٩٩ ) واتە : سەرفرازترین و بەختەوەرترین موسوڵمان لە ڕۆژی دواییدا کە بەر شەفاعەتی من بکەوێت موسڵمانێکە لە ناخی دڵییەوە و بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە ووتبێتی : ( لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ ) .

حەوتەم : بەهۆی خوا بە تەنها ناسینەوە پەروەردگار لە تاوانەکان خۆش دەبێت و خراپەکانیش دەسڕێتەوە : خوای پەروەردگار لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی : " يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتَنِي لاَ تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً " ( صحيح الجامع : ٤٣٣٨ ) ، واتە : ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر لە قیامەتدا پڕ بە زەوی تاوانت هەبێت و بگەیت بە دیداری من، کاتێك ئەگەیتە دیداری من و هاوەڵت بۆ بڕیار نەدابێتم ، پڕ بە زەوی لێخۆش بونت پێدەبەخشم .

هەشتەم : باشترین وشەیە بۆ زیکر و یادی پەروەردگار : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أَفْضَلُ الذِّكْرِ : لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وَأَفْضَلُ الدُّعاءِ : الحَمْدُ لِلَّهِ " ( صحيح الجامع : ١١٠٤ ) . واتە : باشترین زیکرو یادی خوای پەروەردگار بریتیە لە ووتنی : ( لاَ إِلَـهَ إِلاَّ الله ) واتە : هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت ، جگە لە (الله) پەروەردگاری هەموو جیهانە ، وە باشترین پاڕانەوە ( الحَمْدُ لِلَّـهِ ) یە واتە : سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار .

نۆیەم : لە هەمووشتێك قورستر و سەنگین ترە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : پێغەمبەر نوح ﷺ لەکاتی وەفاتیدا بە کوڕەکەی فەرموو : فەرمانت پێ دەکەم بە وتنی ( لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله ) چونکە هەر حەوت ئاسمانەکان و زەویەکانیش بکرێتە تایەکی ترازووەوە ، وە بەتەنها ( لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله ) بکرێتە تایەکی ترازووەوە ئەوا ( لاَ إِلَـهَ إِلاَّ الله ) کە قورس تر و سەنگین ترە . ( السلسلة الصحيحة : ١٣٤ ) .

لەکۆتایدا ... باوەڕداری خۆشەویست ئەمە گوڵبژێرێك بوو لە فەزڵ و گەورەیی و پاداشتی خوا بەتەنها ناسین .

پرسیار کرا لە ( وَهْب بن مُنَبِّه ( رَحِمَهُ اللَّهُ ) ئایا ( لاَ إِلَـهَ إِلاَّ الله ) کلیلی بەهەشت نییە ..؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی بەڵێ ، بەڵام ئایا کلیل بەبێ ددان دەرگا دەکاتەوە ...! بۆیە زانایان ئەم مەرجانەیان بۆ داناوە ، ئەگەر تێدابێت پاشان دەرگای بەهەشت دەکاتەوە و قەبووڵ دەبێت و سوودی دەبێت بۆ بێژەرەکەی مەرجەکانیش بریتین لە :

(١) زانیاری بەماناکەی لە نەفی کردن و جێگیرکردندا : بۆیە هەرکەسێك بیڵێت و مانا و ناوەڕۆکەکەی نەزانێت و کاری پێ نەکا ئەوا سودی پێ ناگەیەنێت .

(٢) دڵنیایی : کە دژی گومان و دوو دڵی یە .

(٣) نییەت پاکی و دڵسۆزی : کەنەفی هاوبەش بڕیاردان دەکات .

(٤) ڕاستگۆیی : کە بەر بەستە لە دوو ڕوویی ، چونکە دووڕووەکان بەزووبان دەیڵێن و باوەڕیان بە دەلالەت لەسەر کراوەکان نییە .

(٥) خۆشەویستی بۆ ئەم وشەیە : وە خۆشحاڵ بوون بەم شتە بە پێچەوانەی ئەوەی دووڕووەکانی لەسەرە .

(٦) خۆ پەیوەست کردن بە جێ بەجێکردنی مافەکانی کە بریتی یە لە کردەوە فەرزەکان بەنیاز پاکی بۆ خوا .

(٧) وەرگرتن : کەنەفی ڕەتکردنەوە دەکات ، ئەمەیش بە خۆ پەیوەستکردن بە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی دەبێت .

بۆزیاتر شارەزابوونت لەم باسەدا بڕوانە پەرتووکی ( خواپەرستی نەك شەخس پەرستی ) لە نوسینی مامۆستای بەڕێز : م. عبداللطيف أحمد مصطفى، یان پەرتووکی ( لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله ) پلە و پایەی ، فەزڵ و گەورەیی ، وە شوێنەواری لەتاکو کۆمەڵدا لە نوسینی زانای پایەبەرز ( صالح فوزان بن عبدالله الفوزان ) وەرگێڕانی م. ( صلاح الدين عبدالكريم ) .

وَآخِرُ دَعْوانا أَن الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**م. أبوبكر أحمد : دەرچووی عەرەبی**

@@@@@@@@@@@@@@@@@@

## سەرووەرمان ئەبوبەکری صددیق رضي الله عنه

ناوی عبداللەی کوڕی عسمان کوڕی عامر کوڕی عەمر کوڕی کەعب کوڕی سەعد کوڕی تیم کوڕی مرە کوڕی لوئەی کوڕی غالب ی قوڕەیشی تیمی.

لە باپیرەی شەشەمیدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لێبێت یەك دەگرنەوە کە موڕڕەی کوڕی کەعبە.

نازناوی الصديق:

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم نازناوەی لێناوە. لە فەرموودەیەکدا کە ئەنەس رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکر رضي الله عنه و عومەر رضي الله عنه و عوسماندا رضي الله عنه چونە سەر کێوی ئوحد. ئوحد لەرزەیەکی کرد. پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: [ڕاوەستە ئوحد. مەجوڵێ چونکە پێغەمبەرێك و (صدیق)ێك و دوو شەهیدت بەسەرەوەیە.

زانست

**لە موعجیزەکانی سورەتی :** ﴿الْكَوْثَرَ﴾

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ : ﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ ﴾ (الكوثر : ١ ـــ ٣ ) ، واتە : ئێمە كەوسەرمان دا بەتۆ ، ساتۆش نوێژ و قوربانی بۆ پەروەردگارت بكە ، بەڕاستی دوژمنانی تۆ دوابڕاو و وجاخ كوێرن .

ئەم سورەتە تەنها لە (١٠) ووشە پێكهاتووە ، بەڵام لەوانەیە هەموو ڕێزمانی عەرەبی لە خۆ گرتبێت ، ئەمەش جێگای سەرسورمانە .

سورەتەكە (١٠) ووشەیە : ﴿ إِنَّا ـ أَعْطَيْنَاكَ ـ الْكَوْثَرَ ـ فَصَلِّ ـ لِرَبِّكَ ـ وَانْحَرْ ـ إِنَّ ـ شَانِئَكَ ـ هُوَ ـ الْأَبْتَرُ ﴾ .

ئایەتی یەكەم : ﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ﴾ لە (١٠) پیت پێكهاتووە بێ دوبارەبوەكان : ( إ ـ ن ـ ع ـ ط ـ ي ـ ك ـ ل ـ و ـ ث ـ ر ) .

وە ئایەتی دووەمیش﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ لە(١٠) پیت پێكهاتووە بێ دوبارەبوەكان: (ف ـ ص ـ ل ـ ر ـ ب ـ ك ـ و ـ ا ـ ن ـ ح ) .

هەروەها ئایەتی سێیەمیش﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ﴾ لە (١٠) پیت پێكهاتووە بێ دوبارەبوەكان : ( ا ـ ن ـ ش ـ ك ـ هـ ـ و ـ ل ـ ب ـ ت ـ ر ) .

وە ئەو پیتانەی كە تەنها یەك جار بەكارهاتوون لە سورەتەكەدا وە دوبارە نەبوونەتەوە بریتین لە (١٠) پیت : ( ع ـ ط ـ ي ـ ث ـ ف ـ ص ـ ح ـ ش ـ هـ ـ ت ) .

ئایا ئەم وردەكاریە بە ڕێكەوت بووە ؟ ئایا پێغەمبەرمان ﷺ نەخوێندەوار نەبوو ؟!

ئێستاش ڕونی دەكەینەوە كە چۆن ئەم سورەتە بەشێكی زۆری ڕێزمانی عەرەبی لە خۆ گرتووە :

با ورد بینەوە لە ڕاناوەكان ( الضمائر ) : لە ڕێزمانی عەرەبیدا ڕاناوی زۆرمان هەیە ، بەڵام ئایا جێگەی باوەڕە كە ئەم سورەتە كورتە كە تەنها (١٠) ووشەیە هەموو ئەو ڕاناوانەی لە خۆ گرتبێت ؟

زمانەوانەكان ڕاناویان دابەشكردووە لە چەند لایەنێكەوە :

بەگوێرەی دیارو نادیار ( الظهور و الاستتار ) : جیاوازی دەكەن لە نێوان ڕاناوە دیارەكان و ڕاناوە نادیارەكان ، لە سورەتی كەوسەردا هەردوو جۆرەكەی تێدایە : ڕاناوی نادیار لە فرمانی داخوازیدا ( ضمير مستتر في فعل الأمر ) نمونە كەی ( إِنْحَرْ ) . ڕاناوی دیار ( ضمير ظاهر ) نمونەكەی (أَعْطَيْنَاكَ).

بەگوێرەی لكاو وە نەلكاو(الإتصال والإنفصال): جیاوازی دەكەن لە نێوان ڕاناوی لكاو و ڕاناوی جودا (سەربەخۆ) دا، لە سورەتی كەوسەردا هەردوو جۆرەكەی تێدایە:

ڕاناوی لكاو (متصل) وەك (أَعْطَيْنَاكَ).

ڕاناوی نەلكاو (منفصل) وەك (هُوَ الْأَبْتَرُ).

بەگوێرەی جێگەكەی لە ئیعرابدا(باعتبار محل الإعراب): هەندێك لە ڕاناوەكان لە (محل رفع)دان وەهەندێكیان لە(محل نصب)دان وە هەندێكیان لە(محل جَر)دان. لە سورەتی كەوسەردا هەرسێ جۆرەكەی تێدایە:

ڕاناو لە(محل رفع)دا: (نَا)ی (فاعل) بكەر (أَعْطَيْنَاكَ).

ڕاناو لە(محل نصب)دا: (كَ) (مفعول) (أَعْطَيْنَاكَ).

ڕاناو لە(محل جَر)دا: (ك) مجرور (لِرَبِّكَ).

بەگوێرەی ژمارە: واتە ڕاناوی تاك و ڕاناوی كۆ(الضمير المفرد و ضمير الجمع) لە سورەتی كەوسەردا ڕاناوی تاك هەیە(ك)، وە ڕاناوی كۆ هەیە (نا).

بەگوێرەی كەسەكان (الخِطاب): كەسی یەكەم و كەسی دووەم و كەسی سێیەم (المتكلم و المخاطب و الغائب) لە سورەتی كەوسەردا هەرسێ جۆرەكەی تێدایە:

ڕاناوی كەسی یەكەم (المتكلم) نمونە (نا).

ڕاناوی كەسی دووەم (المخاطب) نمونە (ك).

ڕاناوی كەسی سێیەم (الغائب) نمونە (هو).

با ورد بینەوە لە فرمانەكان (الأفعال): لە سورەتی كەوسەردا تەنها(٣) فرمانمان هەیە (أَعْطَى) و (صَلّى) و (نَحَرَ). بەڵام چەندین جۆری فرمانیان پێكهێناوە:

فرمانی تەواو (الأفعال الصحيحة) نمونە (نَحَرَ).

فرمانی ناتەواو (الأفعال المعتلة) نمونە (صَلّى).

فرمانی مجەڕەد (الأفعال المجردة) نمونە(نَحَرَ).

فرمانی بۆزیادكراو (الأفعال المزيدة) نمونە (أَعْطَى).

فرمانە بۆزیادكراوەكانیش پێكدێن بەزیادكردنی پیت وەك(أَعْطَى) یان بە دوپات كردنەوە(تضعيف) وەك(صَلّى).

بەگوێرەی تێپەڕو تێنەپەڕ(اللزوم والتعدي):

فرمانی(صَلّى) تێنەپەڕە(تحتمل اللزوم).

فرمانی(نَحَرَ) تێپەڕە بۆ سەر یەك بەركار(تتعدى إلى مفعول

واحد).

فرمانی(أَعْطَى) تێپەڕە بۆ سەر زیاتر لە بەرکارێك(تتعدى إلى أكثر من مفعول).

با ورد بینەوە لە ناوەکان (الأسماء):

تێبینی دەکرێت لەم سورەتەدا ڕێکخستنێکی جوان هەیە لە نێوان ئاماژەکردن بۆ زاتی الله، وە ئاماژە کردن بۆ پێغەمبەر ﷺ:

لە (٣) جێگادا ئاماژە کراوە بە الله جل جلالە:

(نا)ی لکاو بە (إنّ)ەوە (إِنَّا).

(نا)ی لکاو بە (أعطى) لە (أَعْطَيْنَاكَ).

وە وشەی (رَب) لە (لِرَبِّكَ).

دەبینین یەکەمیان لە(محل النصب)دایە، دووەمیان لە(محل الرفع)دایە وە سێیەمیان (مَجْرُور)ە.

وە لە(٣) جێگەشدا ئاماژە کراوە بە پێغەمبەرمان(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِيهِ وَسَلَّمَ):

(ك) لە (أَعْطَيْنَاكَ)دا.

(ك) لە (لِرَبِّكَ)دا.

(ك) لە (شَانِئَكَ)دا.

ئەگەر حساب بۆ ڕاناوی نادیار بکەین(الضمير المستتر) لە (صَلِّ)و (وَانْحَرْ)دا، ئەوا (٣) حاڵەتی ئیعرابیمان دەست دەکەوێت:

یەکەمیان: ڕاناوی(ك)ە (مَنْصوب)ە لە(أَعْطَيْنَاكَ)دا.

وە دووەم: ڕاناوی نادیار(مَرْفوع)ە لە(فَصَلِّ)دا.

سێیەم:ڕاناوەکەمان(مَجْرور)ە لە(لِرَبِّكَ)دا.

تەماشای ڕێك کەوتنی حاڵەتە ئیعرابەکانیان بکە لە گەڵ سیانەکەی سەرەوەدا، کە ئاماژەن بۆ الله.

با ورد ببینەوە لە ڕستەکان (الجمل):

یەکەم (إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ) ڕستەیەکی گوزارەیە (جملة خبرية).

وە (فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ) ڕستەیەکی پێکهاتەیە (جملة إنشائية).

وە سورەتەکە (٢) شێوازی تێدایە(فَصَلِّ لِرَبِّكَ) ڕستەیەکی فرمانیە(جملة فعلية).

وە(إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ) ڕستەیەکی ناویە(جملة اسمية).

هەروەها (٢) جۆریشی تێدایە(فَصَلِّ لِرَبِّكَ ) ڕستەی سادەیە(جملة بسيطة).

وە (إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ) ڕستەی لێکدراوە (جملة مركبة).

هەروەها (٢) شێوەی لەخۆ گرتووە، ڕستەی سادە مەبەستمان لەوەیە کە یەك ئیسنادی هەبێت، وە ڕستەی مورەکەب ئەوەیە کە چەند ئیسنادێکی هەبێت، لە ڕستەی (إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ) دوو ئیسناد هەیە (شَانِئَكَ) موسند ئیلەیهی (مبتدأ إسم إنَّ) وە(هُوَ الْأَبْتَرُ ) موسند ئیلەیهی (خَبَر)ە.

بەڵام ئەم موسنەد ئیلەیهیەش خۆی ڕستەیەکی سەربەخۆیە و ئیسنادێکی تریشی تێدایە کە(الْأَبْتَرُ )ـە بۆ ڕاناوی (هُوَ).

عبد الله ی کوڕی الحسين بغدادي ناسراو بە (أَبُو الْبَقَاءِ الْعُكْبَرِي) کۆچکردوی ساڵی (٦١٦ ك) (بەڕەحمەت بێت) لە کتێبی(التبيانِ في إعرابِ القرآنِ) دەڵێت: ("هُوَ " مُبْتَدأٌ أو توكيد أو فصل). کەواتە ڕستەی (إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ) لە لایەکەوە ڕستەیەکی سادەیە(جملة بسيطة) وە لە لایەنێکی ترەوە ڕستەیەکی لێکدراوە (جملة مركبة).

دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕستەکان(العلاقة بين الجمل):

سورەتەکە دوو پەیوەندی لەخۆ گرتووە (الوصل والفصل). لکاندن و بچڕاندن. واتە بچڕان لە نێوان ڕستەی (وَانْحَرْ) وە ئەو ڕستەیەی کە لەدوای دێت (إِنَّ شَانِئَكَ). وە لکاندنی ڕستەی (وَانْحَرْ) وە ئەو ڕستەیە کە لە پێشیدایە (فَصَلِّ لِرَبِّكَ).

ئەم هەموو وردەکاریە لە سورەتێکدایە کە وشەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەمەش تەنها موعجیزە زمانەوانیە زانراوەکانێتی، بەڵام ئەوەی کە هێشتا شاردراوەیە ئەوا زیاتر و زیاترن.

**م . زریان عبدالله : دەرچوی عەرەبی**

************************

برواوە ڕاستەقینەکان

ئایا کێ برواوەیە...؟

ئەوەی لە پێشبڕکێی ڕاکردندا یەکەمە..؟!

ئەوەی لە نمرەی خوێندندا یەکەمە..؟! یان ئەوەی سەیارە و کەلوپەلی مۆدێل و کەشخەی هەیە..؟!

نەخێر... ئەمانە نین... ئەوەی لە دۆزەخ ڕزگاری ببێ و بچێتە بەهەشتەوە برواوەی ڕاستەقینەیە...!!

**مەرجەکانی دروستی گوێگرتن لە سروود ؟**

پرسیارێك کرا لە زانای پایە بەرز ( شێخ صالح السحێمی ) دەربارەی ئەوەی کە ئایا دروستە گوێ لە سروودەکان بگیرێت ؟ ئەمەش پوختەیەکە لە وەڵامەکەی : ( شێخ صالح ) لە وەڵامدا فەرمووی : کە سرودەکان حوکمیان جیاوازە بە پێی جۆری سروودەکە ، بەڵام ئەوەی کە ئێستا زۆر باوە لە گۆڕەپانی ئەمڕۆدا جائیز نیە کە گوێیان لێ بگیرێت ، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لاسایی کردنەوەی گۆرانی بێژەکانن ، وە هەندێکیان باس لە خورافیات دەکەن و هەندێکیان بیدعەیان تێدایە ، بەڵکو هەندێکیان هاوارکردنە غەیری خوای گەورەیان تێدایە ، یاخود داوای یارمەتی و پشت بەستن بە غەیری خوا !! بۆیە پێویستە کە ئەو کاسێت و سیدی یانە کڕین و فرۆشتنیان پێ نەکرێ ، چونکە حەرامن بەڵکو مەترسی شیرکی لێ دەکرێ ئەگەرچی خەڵکیش ببینی لێرەو لەوێ بیکڕن ، چونکە ئەوانەی کە مامەڵە بەو کاسێتانە دەکەن جیاوازی ناکەن لە نێوان حەرام و حەڵاڵدا !! لەبەر ئەوە ئەی بەندەی خوا دەبێ تۆ ئاگادار بی لە حوکمی ئەو سرودانە .

هەروەها شێخ صالح فەرمووی : کە زانایان چوار مەرجیان داناوە کە پێویستە لە سروودەکاندا هەبن بۆ ئەوەی جائیز بێ بۆت کە گوێی لێ بگری ، کە ئەمانەی خوارەوەن ، بە کورتی :

١ ـ پێویستە ئەوەی کە لە سرودەکەدا ئەوترێ : شتێکی ڕێگە پێدراو ( المباح ) بێ ، واتا : پێویستە بانگەوازی بۆ خراپەکاری و بیدعە و شیرك و خورافیات یان بۆ پیاهەڵدانی شەخسێك یان هاوارکردنە غەیری خوا و داوای پشت بەستن و یارمەتی لە غەیری خوای تێدانەبێ ، یان هاوار کردنی مردووانی تێدانەبێ .

٢ ـ نابێ ئەو سرودانە مۆسیقایان لەگەڵ بێ یان یەکێك لە هۆکارەکانی مۆسیقای تێکەڵ بکرێ ، کە ئەوەش فەرمودەی پێغەمبەری ﷺ لەسەرە کە دەفەرمووێ : " لیكونن من أمتي أقوام يستحلون الحِرَ والحرير والخمر والمعازف " ( السلسة الصحيحة : ١/١٨٦ ) . واتا : لە ئوممەتەکەی من کەسانێك پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشم و مەی و ئالەتەکانی مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن !!

٣ ـ نابێ سروود بێژەکە لاسایی گۆرانی بێژەکان بکاتەوە ! ئایا زۆربەی زۆری ئەو سرودبێژانەی کە ئێستا هەن ئەو مەرجەیان تێدایە ؟! نا واللە زۆربەیان خۆ ناسك کردنەوە و جۆرە لەنجەولارکردنێکی لاسایی کردنەوەی گۆرانی بێژەکانی تێدایە ، یان سرودی وا هەیە کە گەنجێکی ناسك یان خۆناسك کەرەوە ، دەنگەکەی وەك دەنگی ئافرەتانە بە تەواوەتی ، دەیڵێت !!

٤ ـ نابێ ئەو کەسەی کە گوێ بۆ سروود دەگرێ خووی پێوە بگرێ بە شێوەیەك کە خۆی پێوە مەشغوڵ بکات ، واتا : هەندێ لە خەڵکی گوێ لە سرود دەگرن لە ماڵەوە و لە دەرەوەو لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکان و لە سەیارەدا بە جۆرێك کە لە جیاتی گوێ بۆ قورئان گرتن و خوێندنیشی گوێ بۆ سروود دەگرن !!! واتا : ئەگەر بێتوو ئەو سێ مەرجەی پێشووشی تێدابێ ئەگەر کردی بە غایە و خووی پێوەگرت و مەشغوڵی کرد ، ئەوا هەر حەرام دەبێ .

**م.هێمن أحمد قادر: دەرچووی زانکۆی صەلاحەددین**

**چۆنییەتی سەلام کردن و وەڵامدانەوەی سەلام**

الحمد لله والصلاه والسلام على رسول الله ، وبعد :

ئێمەی ئادەمیزاد لەم سەر زەوییەدا بێ هۆ دروست نەکراوین ، بەڵکو بۆ عیبادەت خوا دروستی کردوین ، وەك خوای تبارك وتعالى دەفەرموێت : ﴿ وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون ﴾( الذاريات : ٥٦) .

وە لەهەمان کاتیشدا عەقڵی پێداوین تا بیر بکەینەوە تێ رابمێنین و لەو شتانەی دەور و بەرمان تێبگەین ، وە خوای گەورە نێردراو و ڕێنیشاندەرێکی بۆ ناردوین تا ڕێنمونیمان بکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت ، لەڕێگای کارکردن بەفەرمایشتەکانییەوە دەتوانین بگەین بە بەختەوەری و سەرفرازی دونیاو قیامەت .

وە لەو وتە و کارە جوانانەی کە پێغەمبەر ﷺ بۆمانی بەجێ هێشتووە بریتییە لە ئادابی سەلام کردن ، کە ئەم کارە دەبێتە هۆی پاراستنی یەکریزی و خۆشەویستی و هاوکاری لەنێوان موسوڵماناندا ، بۆیە پێویستە کاتێك ئێمە سەلام لەبرا موسوڵمانەکانمان دەکەین پێویستە بەو شێوەیە بێت کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانمان پێ دەکات ، نەك بەو شێوەیەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەیبیستین ( بەیانیت باش ،

ئەم کاتەت باش ، چۆنی ، هەلەو ، ... هتد ) .

کاتێك کەسێك بەکەسێکی تر دەڵێت ( السلام علیك ) واتە تۆ دڵنیابە کەسەلامەت و پارێزراویت لەلای من هیچ ترسێکت لەدڵدا نەبێت ، وە دەبێت بزانین سەلام کردن لە بەرامبەر سوننەتە بەڵام جواب دانەوەی واجبە ، وە پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە گرنگی بە سەلام کردن داوە کاتێك بڕۆشتایە گۆڕستانێك سەلامی لە مردوانیش دەکرد و دەیفەرموو : " السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين وإنا ... العافية " ( حديث صحيح ) .

وە ئەگەر وترا ( السلام علیکم ) واباشە بەپلەیەکی بەرزتر وەڵامی بدەیتەوە ، وە ئەگەر باشتر وەڵامت نەدایەوە وەك خۆی وەڵامی بدەیتەوە بڵێ: ( عیکم السلام )، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وإذا حييتم بتحية فحيوا بأحسن منها أو ردها ﴾ ( النساء : ٨٦ ) ، چونکە بەم شێوەیە چەندان پلە چاکەت بۆ دەنوسرێت و خراپەکانت دەسڕێتەوە ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت کاتێك دوو موسوڵمان بەیەك دەگەن و تەوقە لەگەڵ یەکدا دەکەن و سوپاسی خوا دەکەن و جیا دەبنەوە بەخۆشی ، ئەوا خوا لەتاوانەکانیان خۆش دەبێت .

وە خاڵێکیش هەیە بە پێویستی دەزانم کە بیخەمە ڕوو ئەویش ئەوەیە تەوقەکردنی ئافرەتان و پیاوانی نامەحرەم لەگەڵ یەکدا بەناوی سەلام کردنەوە ، وە نەکردنی ئەم کارە لەزۆر شوێندا جێی ڕەخنەیە لای خەڵکی و بەکەسێکی داخراو و ناکۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدەن و فەرمان شکاندنی خوا و پێغەمبەریان ﷺ بەلاوە گرنگ نییە ، لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: " إني لا أصافح النساء " ( حديث صحيح ).

هەروەها پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرمویەتی: ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامتاندا یەکترتان پێی خۆشتردەوێت..؟ وتیان: بەڵێ ، ئەی نێردراوی خوا. فەرموی: سەلام کردنی لە نێو خۆتاندا بڵاو بکەنە، واتە زۆر سەلام لەیەکتر بکەن. لێرەدا وەك ئامۆژگارییەك بۆ سەرجەم براو خوشکە موسڵمانەکانم تکا دەکەم بەگوێی کەس نەکەن لە شکاندنی ئەمری خوا و پێغەمبەر ﷺ چونکە شکاندنی هەر فەرمانێك سزا و تۆڵەی خودای بەدواوەیە خوا بمانپارێزێت.

**فلاح نجیب .ك.زانستە ڕامیارییەکان/چەمچەماڵ**

## سود وەرگرتن لە کات !!

بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك پێویستمان بە کات هەیە ، کات لە زێڕیش بەنرخترە ، بۆیە ئێمە دەبێت گرنگی زۆر بە کات بدەین ، هەریەکێ لە ئێمە کاتێك هاوسەرگیری دەکات چەندەها کات ژمێری بۆ دێت ، لە لایەن دۆست و کەسانیەوە ، لە کاتێکدا کە نازانێت چەندە بە نرخە ئەو کات ژمێرەی کە بۆی هاتووە کە چرکەکانی ژیانی دەژمێرێت ، ئەگەر سەیری بازاڕی شارەکەمان بکەین لە زۆری کات ژمێر کە بە جۆرێك هەڕاجەدەکرێت ، یەکێ نەزانێ بێتە ئەو ولاتە دەڵێ : ئەمانە زۆر گرنکی بە کات دەدەن بۆیە کات ژمێر بە لایانەوە زۆر بەنرخە !! کاتێك کە بێ کاری و دەست بەتاڵی هەوڵدە ئەو کاتە بە فیڕۆ نەڕوات و ئەو بەتاڵیە لە شتی بە نرخ پڕبکەوە .

قال رسول الله ﷺ: ﴿ اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ : حَيَاتَكَ قَبْلَ مَوْتِكَ،وَصِحَتَكَ قَبْلَ سَقَمِكَ، وَفَرَاغَكَ قَبْلَ شُغْلِكَ،وشَبَابَكَ قَبْلَ هَرَمِكَ، وَغِنَاكَ قَبْلَ فَقْرِكَ ﴾ ( صححه الألباني في صحيح الجامع برقم : ١٠٧٧ ) .

واتە : پێنج شت بە هەل بزانە پێش ئەوەی پێنج شتت بەسەر بێت ، هەموو ژیانت بە هەل بزانە پێش ئەوەی بمریت ، لەش ساغیت پێش نەخۆشیت ، بەتاڵیت پێش سەرقاڵیت ، گەنجێتیت پێش پیریت ، دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت ،هەوڵدە سوود زیاتر لە کاتەکانی سپێدە وەرگرە.

چونکە ئەڵمانیەکان دەڵێن : ( کاتەکانی سپێدە ئاڵتوونی لێدەبارێ ) .

وە پەندێك هەیە دەڵێ: ( کاتژمێرێکی سپێدە باشترە لە دوو کات ژمێری شەو ) !!

کەواتە : با لە نرخی کات تێبگەین و کاتەکانمان دابەش بکەین ، لە ژیانماندا هەوڵدەین بە هیچ جۆرێك کات بە فیڕۆ نەدەین ، چونکە لە ئاڵتوونیش بەنرخترە کە ڕۆیشت ناگەڕێتەوە !!

**کاروان سیف الدین...ك.شەریعە..ز.کۆیە**

زۆر جار مرۆڤ وئەبەك فرا دەدات. كە هیچ حسابێكى بۆ ناكات. بەلام ئەوەندە خراپە دەبێتە هۆى نزیك بوونەوەى لە دۆزەخ.

زۆر جاریش وئەبەكى بە نرخ و جوان پێكەش دەكات. كە خۆى هیچ حسابێكى بۆ ناكات. بەلام پێى بە بەهەشت نزیك دەبێتەوە.

## مەرامەکانی ڕۆژهەڵاتناسی (بەشی شەشەم)

فێرخوازانی خۆشەویست لە خزمەتتاندایین بۆ درێژەپێدان بە بابەتەکەمان ، تەوەری ئەم جارەشمان بریتی دەبێت لە : (( مەرامە دینی وسیاسی وزانستیەکانی ڕۆژهەڵاتناسان )) .

دوای ئـەوەی باسـی ئامانجـە زانـستیە گومانـاویـەکانی ڕۆژهەڵاتناسانمان کرد ، ئەڕۆینە سەر ئامانجێکی تر :

ب. ئامانجە دینی وسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتناسان.

ئەم ئامانجانەش لەم خاڵانەی خوارەوە دەگوشین:

١. گومـان دروسـتکردن لـە دڵـی موسـڵماناندا بەرانبـەر بـە قورئـان و پەیامبـەر ﷺ و شـەریعەتەکەیان ، ئەمـەش هـەم ئامانجی دینی، هەم ئامانجی ئیستیعماری لە پشتەوە هەیە.

٢. گومان دروستکردن لەلای موسڵمانان لە بە نرخی ئەو ئاسەوارە پڕ شارستانیەتەیان کە بە درێژایی مێژوو بۆیان بـەجێماوە، ئیـددیعای ئـەوە دەکـەن کـە شارسـتانیەتی ئیسلامی وەرگیراوە لە شارستانیەتی ڕۆمانیەکان، تەنانـەت عـەرەب و موسـڵمانەکان لـە گواسـتنەوەی فەلـسەفە و ئاسـەواری ئـەو شارسـتانیەتە بـەولاوە هیـچێکی تریـان نـەکردوە و بۆنیـە، هـیچ داهێنـانێکی هـزری وتازەگەریـەکی شارستـانیەتی وایـان نـەکردوە، پێیـان وایـە شارسـتانیەتی موسـڵمانان پـڕە لـە کـەموکورتی، بۆیـە دەبـینی ئەگـەریش جاروبار لە دەستیان دەربچێت –کەمجاریش لە دەستیان دەردەچێت– باسێکی لایەنە چاکەکانی ئەو شارستانیەتە بکەن ، لەولاوە باسێکی زۆری لە لایەنە خراپەکانی لەگەڵ دەخەن.

هـەروەها هـەوڵی زۆریش دەدەن متمانـەی موسـڵمان لاواز بکـەن، گومانیـان لـە نێوەنـدا بڵاودەکەنـەوە لـە ئاسـت ئـەو ئاسـەورە دەوڵەمەنـدە بـێ وێنـەیان، لـەم ڕێگەیەشـەوە بـە ئاسانی ئیستیعمار دەتوانێ جێ پێی خۆی قایم بکات و ڕۆشنبیری شارستانیەتی خۆی بڵاوبکاتەوە، تا موسڵمانان ببنە بەندەی ژێر دەستەی ئەوان و خۆشەویستیان لەبری بۆ ئاسـەواریان بـۆ ئـەوان بێـت، یـان بـەلای کەمـەوە بتـوانن ڕوحیـەتی بـەرگری لـە دەرونیانـدا لاواز بکـەن، لەمەشـدا توانیان سەرکەوتوو بوون.

٣. لاوازکردنـی هەسـت و ڕوحـی برایـەتی ئیـسلامەتی لـە نێـوان موسـڵماناندا لـە سـەرجەم ناوچـەکانیاندا ، ئەمـەش لەڕێگەی زیندوکردنەوەی ئەو نەتەوانە یان ئەو ئاینزایانەی کە پێش هاتنی ئیسلام بوونیان هەبووە و پاشان بەرەبەرە کـاڵ بوونەتـەوە یـان نـەماون ، پـێم وابێـت ئەمـە لـەوە زیندووترە پێویست بە هێنانەوەی نمونە بکات ، هەروەها جیـاوازی و دووبـەرەکی نەتـەوەیی و چـینایەتی لـە نێـو نەتەوەکاندا دەوروژێنن ، هەرچیان پێدەکرێ و ئەوەیان لە دەسـتدێ و ئـەوەیان بـە بـیر دێ قـسوری لـێ ناکـەن بـۆ دوورخـستنەوەی دڵـەکان و کۆنەبوونـەوەی موسـڵمانان لەسـەر یـەک ووشـە و ویـەک ووتـە و یـەک قـسە ، بـە هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان و ڕاوکردن لە ئاوی لێڵدا .

ئامانجێکی تریان :

ج. ئامـانجێکی زانـستی پەتیـە، مەبەسـت لێـی تـەنها لێکۆڵینەوە و گەڕانە بە دوای ڕاستیەکاندا .

لێرەدا مەبەستیان تەنها بۆ دەرکەوتنی هەندێک ڕاستیە کە لێیـان شـاراوەیە و بۆیـان ڕوون نەبووەتـەوە ، بـەڵام ئـەم کۆمەڵە زۆر زۆر کەمن ، سەرباری دڵسۆزیان بۆ لێکۆڵینەوە وگـەڕان ودیراسـەتکردن ، بـە دوور نـین لـە هەڵـە و هەڵێنجاندنی نادروست و بەرەنجامی ناڕەوا ، ئیتر یان لەبەر ئەوەی نەزانن بە ئوسلوبەکانی زمان عەرەبی ، یان بێ ئاگان بـە هەقیقـەتی کـەش و هـەوا ئیـسلامیە مێژووییـەکان ، هەربۆیـە ئەیانـەوێت وا وێنـای بکـەن کـە کۆمـەڵگاکانی خۆیانی لەسەر بووە و لەسەرە ، ئەو جیاوازیە سروشتی و دەرونـی و زەمەنیەیـەیان لـە بـیر خۆیـان بدروێتـەوە کـە جیاوازی دەخاتە نێوان ئەو کەش و هەوا مێژووییانەی کە ئەوان دیراسـەیان کـردوە لەگـەڵ ئـەو کـەش و هەوایـەی کـە ئیستا ئەوان تێیدان .

جا ئـەم کۆمەڵەیـە ئامانجیـان بێـوەی تـرینی نێـو سـێ کۆمەڵەکەیـە ، مەتریسیـشیان کـەمترە ، چـونکە هـەقیان بـۆ ڕوون ببێتەوە قبوڵی دەکەن و واز لە ڕای پێشووی خۆیـان دێنن .

هەشیانە بە دڵ و بە گیانەوە دەژێت لە نێو کەش و هەوای ئەو ژینگەیـەی وا دیراسـەی دەکـات ، هەربۆیـە دەرەنجـامی وای بۆ دەردەکەوێت ڕێکە لەگەڵ هەق و واقیع و ڕاستیدا ، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە ڕووبەڕووی تانە و تەشەری زۆر دەبنەوە لەلایەن خاوەن هەردوو مەرامە پێشوەکە . بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە لە ڕێبازی زانستی خۆیان لایان داوە یان بە دوای

سـۆز و عاتیفـەدا کـەتوون یـان ئەیانـەوێت موجامەلـەی موسڵمانان بکەن و خۆیان لەوان نزیك بکەنەوە ، هـەروەك لەگـەڵ (( تومـاس أرنولـد )) دا کردیـان ، کاتێـك لـە کتێبـە مەزنەکەیدا (( الدعوة إلى الإسلام )) بە ئینصافەوە باسـی لـە موسـڵمانان کـردوە ، وبـە بەڵگـەوە دەیـسەلمێنێت کـەوا موسـڵمانان بەدرێـژایی سـەرجەم چـەرخەکان زۆر لێبـوردە بـوون لەگــەڵ بەرامبەرەکانیانــدا ، بــە پێــچەوانەی بەرامبەرەکانیان لەگەڵیان کە ئاوها نەبوون . جا ئەم کتێبە کـە بـە یـەکێك لـە وردتـرین و متمانـەییترین سەرچاوەکان دادەنرێت لە مێژووی لێبوردەیی دینی لە ئیسلامدا ، کەچی ڕۆژهەڵاتناسە دەمارگیر و بەتایبەت مژدە دەرەکانیان تانەی لێ دەدەن و نوسەرەکەی بەوە تۆمەتبار دەدەکەن کـەوا زۆر بـە سـۆز و عاتیفیـەوە لـە موسـڵمانانی ڕوانیـوە و لـەو ڕوانگەیەشەوە کتێبەکەی نوسراوەتەوە ، ئەمە لە کاتێکدا وا دەڵێن ، ئەم پیاوە باس لە هیچ ڕوداو وباسێك ناکات مەگەر ئاماژە بە سەرچاوەکان دەکات .

تەنانـەت هەنـدێك لەمانـە ، گـەڕان و لێکۆڵینـەوەی پـاك و پوخت بۆ ڕاستیەکان ، سەریان لە ئیسلامەوە دەردەکات و موسڵمان دەبن و دەکەونە بەرگری کردن لە ئیسلام لەنێو کۆمەڵگـە ڕۆژئاواییـەکانی خۆیانـدا ، هـەروەك هونەرمەنـد وڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (( دينيه )) کردی ، کە لە جەزائیر دەژیـا و پاشـان بـەهۆی سەرسـام بـوونی بـە ئیـسلام ، موسڵمانان بـوونی خـۆی ڕاگەیانـد و نـاوی خـۆی نـا : (( ناصــر الــدين دينيــه )) و لەگــەڵ یــەکێك لــە شــارەزا جەزائیریەکانـدا کتێبێکـی نوسـیوە لـەبارەی سیرەتنامەی پەیامبەرەوە ﷺ ، هەروەها کتێبێکی تری هەیە بە ناوی : (( أشعة خاصة بنور الإسلام )) تێیدا ڕونی کردۆتەوە کەوا گەلەکەی ستەمیان لە ئیسلام وپەیامبەرەکەی ﷺ کردوە ، ئەم ڕۆژهەڵاتناسە موسڵمانە لە فەرەنسا کۆچی دوایی کرد و پاشـان تەرمەکـەیان هێنایـەوە بـۆ جـەزائیر و لەوێـدا ناشتیان.

دەســتەواژەی ڕۆژهەڵاتناســان بــۆ جــێ بــەجێکردنی مەرامەکانیان :

دوای مەرامەکانیان ، گرنگە بزانین ئەو ڕێگا و وەسیلانەی گرتویانەتـە بـەر بـۆ بڵاوکردنـەوەی لێکۆڵینـەوە و بۆچـون و بـەجێ گـەیاندنی مەرامـەکانیان چـی بوون ؟ لـەو وەسـیلە و ڕێگایانەش :

١. نوسینی کتێب لەمەڕ چەندین بابەتی جیاواز ، لەبارەی ئیسلام ، موسڵمانان ، پەیامبەر ﷺ ، قورئان ... ، بـەڵام لـە زۆرێکیـدا شـێواندن و تێکـدان و پـچڕاندنی بـە ئەنقەسـتی تێدایـە ، هـەروەها قسورێکی زۆری تێدایە لـە تێگەیشتن لـە واقیع و ڕوداوە مێژووییەکان و دەرەنجامەکان .

٢. دەرکردنـــی چـــەندین گۆڤـــاری تایبـــەت بـــە لێکۆڵینـەوەکانیان کـە لـە بـارەی ئیـسلام و وڵاتەکـەی و گەلەکەیەوە کردویانە .

٣. ناردنە تەبشیریەکان بۆ جیهانی ئیسلام کە بە ڕوکەش هەندێك کاری – خۆیان ئاسا – مرۆییـان ئەنجام دەدا وەکو نەخۆشخانە و جەمعیات و قوتابخانە و پەناگە و هەتیوخانە و میوانخانـە و خانـەی گـەنجان و هاوشێوەکانیان ... بـەڵام لە پشتیەوە مەرامی تریان بەجێ دەگەیاند .

٤. بەسـتنی کـۆڕ و وتنـەوەی وانـە لـە زانکـۆ و کۆمەڵـە زانـستیەکاندا ، ئەوەشـی زۆر جێـی داخـە ئـەوەیان کـە زۆر دوژمنی سەر سەختی ئیسلام و ڕق لە دڵ بوو ، بانگ دەکرا بـۆ زانکۆکـانی وڵاتـی موسـڵمانان وەکو قاهیرە و بەغداد و مـەغریب و دیمەشـق و باکستان و علیکرە و ... بـۆ ئـەوەی باسی ئیسلام بکەن ؟!!

٥. بڵاوکردنــەوەی بابــەت لــە ڕۆژنامــە و گۆڤــارە ناوخۆییـەکانی لای خۆیـان ، تەنانـەت توانیـان چـەندین ڕۆژنامەی ناخۆیی لەم وڵاتانەی خۆماندا بکرن ، (( تەنانەت خۆیـان ڕایدەگەیـەنن کـەوا ڕۆژنامـەکانیان قواسـتۆتەوە و بەتایبـەت لـە میـسردا ، بـۆ تـەعبیرکردن لـە بۆچـونە خـاچ پەرسـتییەکانی ئـەو وڵاتـە ، هەربۆیـە بابـەتانێکی زۆر دەرکـەوت لـە ڕۆژنامـە میـسریەکان ، ئـیتر زۆرجـار بـەکرێ وهەندێك جاریش لەهەندێ کاتدا بێ بەرامبەر )) (١) .

٦. بەستنی کۆنگرە ، لە ژێرەوە بۆ توندوتۆڵکردنی پیلان و مەرامـە چـەپەڵەکانیان ، و بـە ڕوکەشـیش بـۆ چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی گـشتی ، کـە تـا ئێـستاش بـەردەوامن لـە

---

(١) التبشير والاستعمار هی هەردوو دکتۆر عومەر فەرروخ و موستەفا خالدی. کـە یەکێکـە لـە گـرنگترین بەڵگەنامـە مێژووییـەکان لـەبارەی چـالاکی ڕۆژهەڵاتناسـان وتەبشیریەکان بۆ خزمەتکاری ئیستیعمار، تەنانـەت هەنـدێك لـە کلکـەکانی ئیـستعمار ویستی لە سوریا ڕیبگرێت و مەنعی بکەن.

بەستنی ئەم جۆرە کۆنگرانە هەر لە ساڵی ١٧٨٣ەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ .

٧. دانانی مەوسوعەی : (( دائرة المعارف الإسلامية )) ، کە بە چەندین زمان بە چاپیان گەیاندوە ، ئەم مەوسوعەیەش گەورە ڕۆژهەڵاتناسان و دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلامی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە ، هەربۆیە ژەهریان تێکەڵ کردوە و پڕیان کردوە بە ناڕاستی و ناهەقی لەبارەی ئیسلام و موسڵمانان و ئەوەی پەیوەستە پێوەی ، بەڵام ئەوەی جێی داخە بووە بە سەرچاوەی سەرەکی زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی لای ئێمە ، تەنانەت ئەو مەوسوعەیە هەرچیەک بڵێت بە حوججە و بەڵگەی دادەنێن ، بەڕاستی ئەمەش نیشانەی نەبوونی زانیاریە بە ڕۆشنیری ئیسلامی .

ئەمە کورتەیەک بوو لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسان و جۆرەکانیان و مەرامەکانیان و وەسیلەکانیان .

**م . علی محمد خان : دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## چەند ئاینێکی مەزنە ئەگەر کەسانی شایستەی هەبێت

ئاینێکی بەهێز .. ئاینێکی مەزن .. ئەوەندە بەسە کە خودا بۆی هەڵبژاردوین : ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ ﴾ ( آل عمران : ١٩ ) .. وە ڕازی بووە ئاینمان بێت : ﴿ وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴾ ( المائدة : ٣ ) هەموو پێغەمبەران . عليهم السلام . بانگەوازیان بۆ ئەو ئاینە کردووە کە دروستکراوەکان بە دروستکاریانەوە دەبەستێتەوە کە تێیدا بەندەی هەژار و بێدەسەڵات ڕاز و نیازی لای پەروەردگاری دەوڵەمەندی دەکات و ڕوحی ئاسودە دەبێت و دڵی ئۆقرە دەگرێت ... خەڵک بۆ بێئاگان و لە کوێن ؟!

ئەو ئاینە بانگەواز دەکات بۆ ڕەوشت بەرزی و ئاکار جوانی ، کە لە سایەیدا دڵ وابەستەی پەروەردگاری دەبێت و هەرکەس دەستی پێوە بگرێت ئەوە نور و ڕووناکییەکی لەپەروەردگاریە وە هەیەو هەرکەسیش پشتی تێبکات لە گومڕایی و سەرلێشواندایە ، ژیان و دواڕۆژیشی تاریکستانە .

ئەوانەی بەڕاست پابەند و گوێڕایەڵن چێژی پەرستشیان کردووە ئایە بلال دەناسن ؟ سلمان ؟ صهيب ؟ زبير ؟ بخاری ؟مسلم ؟ شافعی ؟ هەموو جیلی هاوەڵان کە زۆرێکیان خوێنیان لە پێناو ئەو ئاینەدا لە هەموو شوێنێک ڕژا ... یەکێک لە مەدینە لە دایک دەبێت و لەسەر شوراکانی ( قسطنطينيه ) شەهید دەکرێت و یەکێکی دی لە مەکە لەدایک دەبێت و لە پێش شوراکانی چین خوێنی پاکی دەڕژێت ... چەند ئاینێکی مەزنە ئەگەر کەسانی شایستەی هەبێت ...

لە پێناویدا زانا و پیاوچاکان لەسەر جۆرەها ناڕەحەتی ئارامیان گرت... تاڵاویان چەشت بەڵام لە ناڕەحەتی و ڕۆژانی سەختدا پیاو دروست دەبێت ... وە لە خۆنەویستیەوە بەسەر پلە بەرزەکانی پەرستشدا مرۆڤ سەردەکەوێت ... ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حنبل قامچی لێدەدرێت و ابن تيميه لەزیندان دەنرێت ... چەند ئاینێکی مەزنە ئەگەر کەسانی شایستەی هەبێت ...

شەهیدەکان لە پێناویدا وازیان لە هەموو شت هێنا و ڕۆحیان فرۆشت وە خودا لێی کڕیین ... وە لە پێناویدا جەستەکان لەت لەت بوون، وە برینی قووڵ لە جەستەکان کەوت و چاوەکان ئەسرینی زۆریان بۆ ڕشت ... چەند ئاینێکی مەزنە ئەگەر کەسانی شایستەی هەبێت ...

لە فەلەستین هاوار و ناڵەیە .. وە لە شیشان کوشتنە ... وە ئەفغان قەتڵ وعامە ... وە بۆسنە حەسرەت و خوێن ڕشتنە ... ڕوو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینە بکەیت لەهەر پارچەیەکی موسڵمانی تێدا بێت خوێن لە ئاسمانیان دەبارێت ... پیاوان لە کوێن ؟

ژمارەی بانگ خوازەکان بۆ ئاینی خاچ پەرستی ( ٧٠٠٠,٠٠٠ ) حەوت ملیون کەسە ئایا ژمارەی بانگ خوازەکانی ئاینە مەزنەکەی ئێمە چەندە ؟!!

موسڵمانان بۆ بێئاگان و لە خەوی غەفڵەت بە خەبەر نایەن ؟!!

لە نێو جەنگەڵەکان کچانی ئەوڕپی و ئەمریکی بانگەواز بۆ ئاینی گاورەکان دەکەن ئەوان ئافرەتەکانیان ئاوها دەکەن پیاوانی ئێمە لە کوێن ؟

ئافرەتانێک ئارام دەگرن لە گەرما و ناخۆشی لە دارستانەکانی ئەفریقا ؟ ئێمەش بەدوایی پیاودا دەگەڕێن نین یان زۆر کەمن ؟!

**وەرگێڕانی : م. عثمان أحمد / دەرچووی بیرکاری**

**خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە لە ئیسلامدا**

الحمد لله والصّلاة والسّلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومَن والاه ، أمّا بعد :

پێشەکی داواکارم لە خوای گەورە ڕێنمایی من و ئێوەش بکات بۆ ڕێگا ڕاستەکی ئیسلام ، فێرخوازانی موسڵمان ئەم بابەتەی بەردەستان بریتی یە لە بابەتێکی هەرە گرنگ لە بابەتە بنچینەیەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی ، کە پێویستە هەموو موسڵمانێك شارەزابێت لەم بوارەدا ، ئەویش : ( خۆشەویستی و ڕق لیبونەوەیە لە ئیسلامدا ) ( الـولاء و البراء في الإسـلام ) ، بێگومان خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە دەرخەری بیروباوەڕی موسڵمانە و دەرخەری ئیمان و تەواو بوونی ئیمانە بە خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ( من أحب لله ، و أبغض لله ، و أعطى لله ، ومنع لله فقد استكمل الإيمان ) ( صحيح سنن أبي داود : ٤٦٨١ ).

واتە : هەرکەسێك خۆش ویستنی لەبەر خوا بێت ، ڕق لێبوونیشی هەر لەبەر خوا بێت ، لەبەر خوا شتێك ببەخشێت ، هەر لەبەر خواش ڕێگری شتێك بکات ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئیمانی تەواو بووە .

تۆ خۆشەویستیت بۆ ئیسلام دەبێت وات لێ بکات خۆت نەچوێنیت بە کافر و جولەکە و هاوبەش پەیداکەرەکان ، هەر ئەم خوشەویستیەت دەبێت وات لێ بکات خۆت بەدوور بگریت لە هەموو بیدعەیەك کە بەناوی دینەوە دەکرێت ، خۆشەویستی و ڕق لێبونەوەت دەبێت وات لێ بکات گوێ نەگریت بۆ کە سانێك با بەناوی دینیشەوە قسە بکات ، چونکە تا خێرێکت فێر دەکات (٢٠) بیدعەت فێردەکات !! تۆش دڵت بۆی دەجولێت . هەروەها پێویستە ڕقمان لە بێباوەڕان بێت و خۆشیانمان نەوێت و بەڕائەتیا لێ بکەن ، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ (آل عمـران: ٢٨) . واتە: نابێ بڕواداران بێ باوەڕان بگرن بە دۆستی خۆیان لە جیاتی بڕوادران ، وە هەرکەسێك وا بکات ئەو کەسە پەیوەستی و پەیوەندی لەگەڵ خوادا نامێنێت . هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : ( لا تصاحب إلا مؤمنا ولا يأكـل طعامـك إلا تقـي ) ( صحيح الجامع : ٧٣٤١ ) . واتە : هاوڕێیەتی کەس مەکە جگە لە بڕوادار نەبێت ، وە باکەسیش خواردنت نەخوات تەنها لە خوا ترسان نەبێت .

دەی بە بەڵگەی ئەم فەرموودە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی کە خۆشەویستی و ڕق لێبونەوەی تەواو نەبێت دیارە کە ئیمانی تەواو نیە !! کەواتە : پێویستە کە تۆ سەردانی برایەکت دەکەیت لەبەر خوابێت ، وە کە سەردانیشی ناکەیت هەر لەبەر خوا بێت ، تاوەکو بە خۆیدا بچێتەوە ، چونکە تۆ هەستاویت بە ئەرکی ( الـولاء و الـبراء )خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە .

لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای گەورە دەفەرموویت : ( وجبت محبتي للمتزاورين فيَّ ) ( صحيح الجامع الصغير : ٤٣٣١ ) . واتە : خۆشەویستی خۆم پێویست کردوە بۆ ئەو کەسانەی سەردانی یەکتر دەکەن لەبەر ڕەزامەندی من .

وە خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە لەبەرخوا پتەوترین و بەهێزترین دەسکی باوەڕە ، و مرۆڤ لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەبێت لە ڕۆژی دوایی ، هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : ( المرء مع من أحب ) ( متفق عليه ) .

خوێنەرانی بەڕێزی ( زانست ) ، پێویستە موسڵمان زانستی شەرعی بە تەواوی فێر بێت ، بۆ ئەوەی ئەم برگەیەی ئیمان کە ( خۆشەویستی و ڕق لێبونەوەیە ) ، بە تەواوی جێ بەجێ بکات !!! وە دیارە ئەو بابەتە زۆر زیاتری دەوێت ، بەڵام ئەوە بەکورتی بوو . وە کۆتایش بە قسەی ئیمامی ئەحمەد ـ رحمه الله ـ دێنم کە فەرموویەتی : ( إذا رأيت النصراني أغمض عيني كراهة أن أرى بعيني عـدو الله ) ( موسوعة توحيد ربّ العبيد : ٣١/١١ ) . واتە : کاتێك کە گاورێك ( بەناو مەسیحیەك !! ) ببینم چاو دەنوقێنم ، چونکە حەز ناکەم بەو چاوەی خوا پێی بەخشیوم سەیری دوژمنی خوا بکەم .

**محمد قادر . ز . سلێمانی . ك . پزیشکی**

پێشەوای خۆشەویستمان سەعیدی کوڕی موسەیب لە وتە پڕ وانە و حیکمەتەکانیدا فەرموویەتی : لەوە ناشرینتر نیە کە بەندە مەودایەك لە تاوان و گوناە دروست بکات لە نێوان خۆی و خوای پەروەردگاری دا..!

**بۆچی دژایەتی ئیسلام دەکەن ؟!**

دژایەتیکردنی گاور و جولەکە و خاوەن ئاینەکانی تر بۆ ئەم ئاینە پاکە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ، ئەمەش بوهتانێك نیە ئێمە بۆیان بکەین بەڵکو هەقیقەتێکە خۆیان دانیان پێدا ناوە و ئاشکرایان کردووە ، ئەمەی خوارەوەش چەند نموونەیەکە( ١ ) :

١ . سەرۆك وەزیرانی بەریتانی پێشوو ( گلادستۆن ) دەڵێت : ( تاوەکو ئەم قورئانە لەبەردەست موسڵماناندا هەبێت ئەوروپا ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر ڕۆژهەڵاتدا تەنانەت ناتوانێت خۆیشی لە خۆی دڵنیا بێت ) .هەروەها دەڵێت : ( حاڵی ڕۆژهەڵات سەقامگیر نابێت تاوەکو حیجاب لە ڕووی ئافرەت لا نەبرێت و قورئانی پێ دانەپۆشرێت ) .

٢ . حاکمی پێشووی فەرەنسا لە جەزائیر دەڵێت : ( ناتوانین سەرکەوین بەسەر جەزائیریەکاندا مادام ئەوان قورئان دەخوێنن و بە عەرەبی قسە دەکەن ) .

٣ . ( لورد کرومر ) خۆی دەڵێت هاتووە بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان بۆ سڕینەوەی چەند شتێك لەوانە : ( قورئان ، و کەعبە ) .

٤ . ئەو سەربازە ئیتالیانەی کە هێرشیان دەکردە سەر لیبیا تیایاندا هەبوو دەیوت : ( خوێنی خۆم دەڕێژم لە پێناو دژایەتیکردنی ئیسلام وە دەجەنگم بە هەموو هێزم بۆ سڕینەوەی قورئان )..

***هۆکاری ئەم دژایەتیە :**

١ . دوژمنانی ئاینی ئیسلام بەتایبەتیش جولەکەکان ڕقی ئەوەیان لە دڵدایە کە پێغەمبەری خوا . صلی الله علیه وسلم . لە نەتەوەی ئەوان نیە ، هەر ئەم حەسودی و ڕق و کینەیەش بووەتە هۆکارێك بۆ دژایەتیکردنی موسڵمانان و ئاینەکەیان .

٢ . دوژمنانی ئەم ئاینە دەزانن ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیر و جیهانیە و تایبەت نیە بە عەرەبەوە و ئەگەر لێبگەڕێن دەبێتە تاکە ئاینی خەڵکی سەرزەوی و بیروبۆچوونەکانی ئەوان هەڵدەوەشێنێتەوە بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ دروست کردنی بەربەستێك لە نێوان خەڵك و ئاینی ئیسلامدا و دەیانەوێت کارێك بکەن دەقەکانی ئەم ئاینە پاکە بەر گوێی خەڵك نەکەوێت و نەیبیستن .

٣ . دوژمنانی ئیسلام دەزانن ئەگەر بێتو ئیسلام لە وڵاتە موسڵمانەکاندا ئیشی پێبکرێت و دەقەکانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت ئابووری ئەوان دەکەوێتە مەترسیەوە چونکە دوژمنان لەم ڕێگایانەوە سامانیان لە وڵاتە ئیسلامیەکانەوە دەست دەکەوێت :

أ . ڕێگای بە تالانبردنی نەوت .

ب . بە بازاڕکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان واتە : ئەم وڵاتانەیان کردووەتە بازاڕێك کە شتومەکی باش و خراپی خۆیانی تێدا دەفرۆشن و لەم ڕێگایەشەوە پارە و سامانێکی خەیاڵیان دەست دەکەوێت .

ج . هەوڵ دەدەن شەڕ و ئاژاوە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا درووست بکەن بەمەش دوو شتیان دەست دەکەوێت :

١ . بێهێزبوونی موسڵمانان . ٢ . دەست کەوتنی پارە ئەویش لە ڕێگەی فرۆشتنی چەك بە لایەنە شەڕکەرەکان .

بەڵام کە دەقەکانی قورئان و سوننەت جێبەجێکرا ئەو کاتە سامانە سروشتیەکانی وڵات بۆ خزمەتی موسڵمانان خەرج دەکرێت ، و موسڵمانان هان دەدرێن بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی بەمەش لە جیاتی ئەوەی وڵاتە ئیسلامیەکان ببنە بازاڕێك بۆ شتومەکی بیانی دەبنە فرۆشیار و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن بە بازاڕ بۆ شتومەکەکانیان ، سەرەرای هەموو ئەمانەش برایەتی و خۆشەویستی لە نێو موسڵماناندا بەرپادەبێت و لە شەڕو ناکۆکی نێوان موسڵمانان ڕزگارمان دەبێت...

***داهاتووی ئەم دژایەتیە :**

وەکو ئاشکرایە ستەم و زۆرداری بەردەوامی بۆ نیە و ڕووخانی مسۆگەرە ، شارستانیەتی ڕۆژئاواش لەبەر ئەوەی لەسەر بونیادێکی لاواز بونیاد نراوە و ستەم و زۆرداری گەورەی نهێنی و ئاشکرای تێدایە بەرامبەر بە موسڵمانان بۆیە ڕووخانی مسۆگەرە ئەمەش بەپێی چەندین فەرموودەی ڕاست کە لێرەدا بواری ئەوە نیە باسیان بکەین ، کەواتە داهاتووی گەش چاوەڕێی موسڵمانانە بۆیە دەبێت ئێمەی موسڵمان گەشبین و بە هیوا و ئومێد بین بۆ داهاتووی خۆمان و ڕەشبین نەبین ، و هەوڵی جدی بدەین و خەمخۆری ئەم ئاینە پاکە بین و لێنەگەڕێین دوژمنانی ئاینەکەمان یاری بە عەقڵمان بکەن .

**إدریس محمود : دەرچووی یاسا**

(١) ( هجر القرآن العظیم : ٣٨٤ – ٣٨٦ ) .

## کلیلی تاوانەکان

زۆرن ئەوانەی درۆ بۆتە پیشەی ڕۆژانەیان تاوەکو درۆیەک هەبێت وشەیەکی ڕاست لەدەمیان نایاتە دەرەوە بەتایبەتی لەمانگی نیسان دواتریش بەشانازیەوە بۆ خەڵك باسی دەکەن و دەیگێڕنەوە بێئاگان لەوەی بەر نەفرەت و تووڕەیی خودا کەوتوون هەر وەك دەفەرمووێت : ﴿ لعْنة الله على الكـــــذبين ﴾ واتە : نەفرەتی خوا لە درۆزنان .

هەروەها کەسێك زیادەڕەویی لەدرۆ بکات خوا هیدایەتی نادات هەروەکو دەفەرمووێت : ﴿ إن الله لايهـــدي مَــنْ هــوَ مُــسْرِف كَــــذاب ﴾ واتە : بێگومان ڕێنمویی کەسێ ناکات زیادە ڕەو و درۆزن بێت .

لە گەڵ ئەوەی خودای گەورە زمانی لەنێوان دوو دیواری پتەودا پاراستووە یەکێکیان دیواری ددانەکان و ئەوی تریش دیواری لیوەکانە . بەڵام خودی کەسەکە زمانەکەی بەشێوازێکی نادروست دەجوڵێنێ و سەر ئەنجام دەکەوێتە بەر تووڕەیی وخەشمی خودا هەروەك پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ( ثلاثةلا يُكلِمُهُم اللهُ يَومَ القيامة وَلا يَزَكهم وَلا يَنظر إلَيْهم : شـيخ زان وَمَلك كَذاب وَعائل مُسْتَكبِر ) واتە : سێ کەس هەن لە ڕۆژی دوایدا خودا نە قسەیان لەگەڵ دەکات نە پاکیان دەکاتەوە لە تاوان و نەتەماشیان دەکات !! پیاوێکی پیر زینا بکات دەسەڵات دارێکی درۆزن ، وە هەژارێکی خۆ بە زلزان ...

ئەگەر ئەتەوێت خۆت لە کۆمەڵی دووڕوان جیا بکەیتەوە هیچ کاتێك پەنا مەبە بەر درۆ ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی ( آيةُ المُنافِق ثلاثة : إذ حَدَثَ كَذَبَ وَإذ وَعَدَ أخْلَفَ وَإذ اوتِمن خَانَ ) واتە : نیشانەی دووڕوان سێ شتە !! ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات ، ئەگەر پەیمان و بە ڵێنی دا نایگەیێنێتە سەر ، ئەگەر ئەمانەتێکی پێسپێردرا خیانەتی لێدەکات .

پەنا بە خوا لەو جۆرەکەسانە چونکە خودا هەڕەشەیان لێدەکات و لەبارەیانەوە دەفەرمووێت : ﴿ إن الْمُنفقينَ فِي الــدَركِ الأسْفَلِ مِنَ النار ﴾ واتە : بەڕاستی دووڕووەکان لەخانەو چینی هەرە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخدان .

تەنها مرۆڤەکان توشی ئەزێت نابن کاتێك کەسێك درۆ دەکات بەڵکو فریشتەکانیش لە دەست مرۆڤی درۆزن توشی ئازار دەبن هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ( إذا كَذبَ العَبد تَباعُد عَنهُ المَلك المَوْكل بِهِ مَيلاً مِن نَتن ما جاءَ بِهِ ) واتە : کاتێك بەندەیەك درۆ دەکات بۆنی دەمی هێندە ناخۆش و بۆگەنە فریشتەکانی سەر شانی بەقەد مەسافەی یەك میل لێی دوور دەکەونەوە بەهۆی ئەو درۆیەی کردوویەتی .

خوای گەورە بانگەواز دەکات بۆ هەر کەسێك خۆی بەبڕوا دار دەزانێ و دەفەرمووێت : ﴿ يأيها الذنَ آمَنواْ إتَقوا اللهَ وَكونوا مـع الصدقين ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە تۆڵەی خوا و لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن و لە ڕیزی ئەواندا بن .

لە پێغەمبەریان پرسی ﷺ ئەو کەسانەی دەچنە دۆزەخ چ کردەوەیەکیان کردووە ؟ تا وەکو ئێمە خۆمانی لێبپارێزین : ئەویش فەرمووی ( درۆ ) .

هەر کەسێك درۆ بکات توشی تاوان و خراپە کاری دەبێت هەر کەسێکیش توشی تاوان و خراپە کاری بێت سەر ئەنجامی چونە دۆزەخە .

هاوەڵێك لە پێغەمبەری پرسی ﷺ ئایا دەکرێت مرۆڤی بڕوادار ترسنۆك بێت ؟ فەرمووی " بەڵێ ، ووتی ئایا دەکرێت مرۆڤی بڕوادار ڕەزیل بێت ؟ فەرمووی " بەڵێ ، ووتی ئایا دەکرێت مرۆڤی بڕوادار درۆزن بێت ؟ فەرمووی " نە خێر " !!

ئایا دەزانی درۆ هۆکارێکە بۆ چوونە ناو دۆزەخ ؟

ئایا دەزانی درۆ کەسایەتیت لە دەست ئەدات ؟

ئایا دەزانی درۆ بەرەکەتی ڕزق ناهێڵێت ؟

ئایا دەزانی زۆربوونی درۆزن یەکێکە لەنیشانەکانی ڕۆژی دوایی ؟

ئایا دەزانی درۆ گەورەترین خیانەتە ؟

ئایا دەزانی درۆ دڵ ڕەش دەکات ؟

ئایا دەزانی هەموو خراپەو شەڕەکان لە درۆوە سەرچاوە دەگرن ؟

ئایا دەزانی ئەو زمانەی تۆ درۆی پێدەکەی ، لەڕۆژی دوایدا شایەتی لەسەرت دەدات ؟

ئایا دەزانی ئەو کەسەی درۆ دەکات لەڕۆژی دوایدا دەم و لێوەکانی بە مقەستی ئاگرین پارچە پارچە دەکرێت ؟

لە کۆتایدا " برای بەڕێز ، خوشکی ئازیزم ، تۆ سەر بەستی چۆن زمانت دەجوولێنیت ، بەڵام دەبێت بزانیت بە هەشتێکی پڕ لە نازوو نیعمەت و نەبڕاوە ئامادەیە بۆ ڕاستگۆیان و چاکە کاران ، دۆزەخێکی سووتێنەروو پڕ لە ئەشکەنجەو ئازاریش لە گردایە بۆ درۆزنان و تاوانباران .

**شەماڵ رمضان امین: ك.پ. کەلار / بایۆلۆجی**

## آیا میدانستید که ... ؟

* آیا میدانستید که بیماری قند اولین عامل کوری در مردم جهان است ؟

* آیا میدانستید که شیرینی تنها مزه ای است که جنین در رحم مادرهم آن را می هس میکند ؟

* آیا میدانستید که زنبور عسل ٥ چشم دارد که ٢ تا اصلی دربغل سرو ٣ تا بر روی او قرار دارد ؟

* آیا میدانستید که بیست در صد آب شیرین جهان میان آمریکا و کانادا قرار دارد ؟

* آیا میدانستید که مورچه در مایکرو ویو زنده می ماند ؟

* آیا میدانستید که خوردن یك سیب در آغاز روز بیشتر از قهوه باعث دور ماندن از خواب آلودکی میشود ؟

* آیا میدانستید که کره زمین از ١٠٢ عنصر به وجود آمده و این ١٠٢ عنصر در بدن انسان وجود دارد ؟

* آیا میدانستید که در هر پانیه ٥٠ هزار بیلیون بیلیون الیکترون به صفحه تلویزیون برخورد می کند تا تصویر را ایجاد کند ؟

* آیا میدانستید که یك انسان در هر سال در حدود ٦ ملیون و دویست وبنج هزار بار بلك می زند ؟

* آیا میدانستید که اسبها در مقابل کاز اشك آور مصون اند ؟

* آیا میدانستید که مورچه هاهم شمردن بلدند و قدم هایشان را برای مسیر یابی می شمارند ؟

* آیا میدانستید که بیشتر سردردهای معمولی ازکم نوشیدن آب است ؟

* آیا میدانستید که قلب یك انسان معمولی در گول عمر او در حدود ٣ هزار میلیون بار می تبد و ٤٨ میلیون کالن خون را به رگها می فرستد ؟

## ئایا دەتزانی کە...؟

* ئایا دەتزانی کە نەخۆشی شەکرە یەکەمین هۆی کوێریە لە نێو خەڵکی جیهانە ؟

* ئایا دەتزانی کە شیرینی تەنها تامێکە کە کۆرپەلە لە مناڵدانی دایکیشدا هەستی پێدەکات؟

* ئایا دەتزانی کە مێشهەنگ ٥ چاوی هەیە کە ٢ دانەی سەرەکی لەتە سەر نیشتی سەرو ٣ دانە لەسەر ڕووی سەریدایە ؟

* ئایا دەتزانی کە بیست لەسەد ئاوی شیرینی جیهان لەنێوان ئەمریکا و کەنەدادایە ؟

* ئایا دەتزانی کەمێرووڵە لە فڕنی مایکرۆوەیڤی دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە ؟

* ئایا دەتزانی کە خواردنی سێوێك لە سەرەتای ڕۆژدا زیاتر لەقاوە دەبێتە هۆی دووربوون لە خەواڵویی ؟

* ئایا دەتزانی کە گۆی زەوی لە ١٠٢ ماددە پەیدا بووە و ئەم ١٠٢ ماددە لە لەشی مرۆڤدا بوونی هەیە ؟

* ئایا دەتزانی کەلە هەر پانییەکدا ٥٠ هەزار بیلیۆن بیلیۆن ئەلیکترون دەدات لە شاشەی تەلەفیزیۆن تا وینە پیشان بدات ؟

* ئایا دەتزانی کە مرۆڤێك لەهەر ساڵێکدا نزیکەی ٦ ملیۆن و دووسەد و پێنج هەزار جار چاو دەپرتێنی ؟

* ئایا دەتزانی کە ئەسپەکان لە بەرامبەر گازی فرمێسك ڕژێن پارێزراون ؟

* ئایا دەتزانی کە مێرووڵەکانیش ژماردن ئەزانن و هەنگاوەکانیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا دەژمێرن ؟

* ئایا دەتزانی کە زۆربەی سەر ئیشە ئاساییەکان لەکەم خواردنەوەی ئاوەوەیە ؟

* ئایا دەتزانی کەدڵی مرۆڤێکی ئاسایی بەدرێژایی ژیانی نزیکەی ٣ هەزار ملیۆن جار لێدەدات و ٤٨ ملیۆن گاڵۆن خوێن بۆ دەمارەکان ئەنێرێت ؟ **هاوڕێ سعید: ك.پ.کەلار**

## ترسناکی چونە لای فاڵچی و جادووگەران

الحمد الله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله ... أما بعد :

**خۆشەویستان : دینی ئیسلام زۆر پاك و بێگەردە تینوی تینوداران دەشکێنێت بە هیدایەت وە دڵەکانیان بە ڕۆشنای نوری قورئان و سوننەت ڕوناك دەکاتەوە ، ئەو دینە دوورە لە هەموو ناپاکی و پیسیەك بەڵام خەڵکانێك بەناوی دینەوە دێن و دین لە پێش چاوی دوژمانی ئیسلام و موسوڵمانان ناشیرن دەکەن ، کە جێی خۆیەتی ئەو جۆرە کەسانە خەڵکیان لیٚ وریابکرێتەوە ، بۆ ئەوەی موسوڵمانان دین و دونیاشیان سەلامەت بێت ، وە دینەکەشمان وەك خۆی بمێنێتەوە بەتایبەت ئەوانەی شیرك و بیدعە ئەنجام ئەدەن ، وە ئەوەی ساحیر و قاوەگر و فاڵچیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە شتە غەیبییەکان دەزانن ، بەڵام ئەوانە دەجالن خۆیان لە خەڵك و موسوڵمانان کردۆتە پیاوچاك بە ناوی ئیسلامەوە کە ئیسلام و موسوڵمانان لەوانە بیٚ بەرین .**

**خوێنەرانی ژیر : لەبەر دڵسۆزی و خەمخۆریمان بۆ دینی ئیسلام و موسوڵمانان ، وریاکردنەوەی موسوڵمانان لە تاوانێك کە ئینسان ئەنجامی بدات توشی شرك و کوفر دەبێت ، بۆیە باس لە خەتەری و مەترسی چونە لای فاڵچیەکان و جادووگەران و قاوەگرەکان یان پرسیار کردن لێیان باس دەکەین بەکورتی بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ڕاچڵەکانی دڵەکان و گەڕانەوە بۆ یەکتاپەرستی خوا .**

**بەداخەوە دەڵێم : ئەمڕۆ لەناو موسوڵماناندا خەڵکانێك هەن کە بانگەشە بۆ زانینی شتە نهێنیەکان دەکەن بەناوی ئیسلام و لە ژێر پەردەی ئیسلامەوە ، بابزانین چونە لایان و پرسیار کردن لێیان و بەڕاست دانانیان حوکمی چیە لە دینی خوادا ، کە خەڵکانێك هەن بێئاگان لەوەی کە گەورەترین تاوانە ، بەتایبەتی ئافرەتان دەچنە لایان و پرسیاری بەختی خۆیانیان لێدەکەن و بەختیان لادەگرنەوە ، چونکە بێئاگان لەوەی کە ئەو تاوانە لە زینا و قەتل و ڕۆژو نەگرتن و ... گەورەترە ، چونکە فاڵچیەکە بانگەشەی عیلمی غەیب دەکەن ، کە چی ڕویداوە و چیش ڕوودەدات لە کەوندا ئەویش بڕوای پێدەکات ، ئەوەش تەنها کاری خوای پەروەردگارە ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ :** (( من أتى عرافا أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد ﷺ )) ( رواه أحمد والحاكم ) ، **واتە : هەرکەسێك بچێت بۆ لای فاڵچی و کاهینێك " جادووگەرێك یان قاوە گرێك یان ئەستێرەناسێك " ئەوەی فاڵچیەکە دەیڵێت بەڕاستی بزانێت ئەوە کافر بووە بەوەی کە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خوار کە قورئان و حەدیسە . هەروەها دەفەرموێ :** (( من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين ليلة )) ( رواه مسلم ) **واتە : هەرکەسیٚ بچێتە لای فاڵچی و جادووگەرێك پرسیاری شتێکی لێبکات . " ئەگەر بڕواشی پێنەکات " ئەوە چل شەو نوێژی لیٚ قبولٚ ناکرێت .**

**کەواتە : چونە لایان و پرسیار لێکردنیان کە بەڕاستی بزانی ئەوە توشی کوفر و شیرکێکی گەورە بووە ، وە هەندێك جار ئەوشتەی دەشیزانن ئەوە لە لایەن جنۆکە و شەیتانەکانەوەیە کە پێیان دەڵێن ، وە ناشتوانن ئەو فاڵچیانە ئەو کارە ئەنجام بدەن تاوەکو سوکایەتی بە قورئان و حەدیس و ئیسلام نەکەن ، بەڵام ئیشەکەیان لەناو بەرگێکی ئیسلامدا دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بڕوایان پێبکەن . عائیشە** رضي الله عنها **دەفەرموێ : پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فاڵچی و جادووگەرەکان فەرمووی : هیچ نین و هیچ نازانن ، ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ جاری واهەیە قسە دەربارەی شتێك دەکەن و دەیزان ، فەرمووی : قسە ڕاستەکەیان ئەوەیە جنۆکەکان لە ئاسمان شتێك دەدزن و ئەوانیش لەبن گوێی فاڵچیەکان دەیڵێن و ئەوانیش وەری دەگرن لە جنۆکە و شەیتانەکان ، لەگەڵ یەك ڕاستیشدا سەد درۆی لەگەڵدا دەکەن .** ( رواه البخاري و مسلم ) .

**کەواتە خوشکان و برایان : وریابن و بە ئاگابن لەوەی بچن بۆ لای ئەو دەجالانە و پرسیاریان لێبکەن دەربارەی هەندیٚ شتی نەزانراو کە تەنها خوا دەزانێت ، بۆ نمونە : دەچن بۆ لایان پرسیاری ئەوەیان لێدەکەن بۆ بەختیان گیراوە ؟ یان کیٚ دەبێت بەنسیبیان ؟ یان لە داهاتوودا چی بەسەر دێت ؟ یا شتێکیان لیٚ دزراوە و بۆ ئەوەی بزانن کیٚ دزیویەتی ؟ یا لە هەفتەی داهاتودا چی دێتە ڕێگەی یان ... ؟ هەموو ئەو کارانە و ئەوانەی هاوشێوەی ئەوانەن حەرامن و شەریك دانانە بۆ خوای گەورە ، کە هەرگیزاو هەرگیز لیٚ**

**خۆشبوونی نیە لای خوا گەر تۆبەی لێنەکات و واز نەهێنێت لەو کارە بۆگەنە .**

**بەڕێزان : ئەوانە بوونە هۆکاری ئەوەی شیرازەی چەندان خێزان تێک بدەن و ژن و پیاو لێک جودابکەنەوە و دوژمنایەتی و کوشتن بخەنە ناو دوو کۆمەڵەوە ، وە چەندان کچ و ئافرەت تاوانی داوێن پیسی و خیانەت کردن لە هاوسەرەکانیان دراوەتە پاڵ ، بەهۆی ئەوەی کە فاڵچی و جادوگەرەکان گومانیان خستۆتە سەریان کە ئەوانن فلانە کارو فلان کارەیان کردووە ؟!**

**هیوادارم : خوێنەران ترسناکی چونە لای ئەو فاڵچی و جادووگەر و قاوە گرەوانەیان بۆ ڕوون بوو بێتەوە کە چەندە تاوانێکی گەورە و مەترسی دارە بۆ خۆی ناو کۆمەڵگاکەشی هۆکاریشە بۆ ئەوەی خوا لێی توڕە بێت لە دنیاو دواڕۆژیشدا.**

**داواکارم لە خوا دوورمان بخاتەوە لە هەموو تاوانێک ، وە لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن چونکە موحتاجی دوعاتانین .**

**شاڵاو لطیف: ز. سلێمانی / ک. زانستە ئیسلامیەکان**

**سەربەستیت لەهەڵبژاردنی دواڕۆژتدا**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، وبعد :

**بێگومان مرۆڤ لەژیانیدا هەست بەئاسوودەیی دەکات لەکاتێکدا هەڵبژاردنی هەموو کارەکانی بەمەیل و ئارەزووی خۆی بێت ، واتە سەربەست بێت لەهەڵبژاردنیدا ، چونکە گەر بەزۆر پێی کرا ئەوا گەرچی جێبەجێشی بکات ، بەڵام دڵی سست و لاوازە بەرامبەر ئەو کارە ، ئیتر کارەکە چی نەزەری بێت یاخوود عەمەلی جیاوازی نییە .**

**لێرەدا دەبینین خوای گەورە سەربەستی داوە بەمرۆڤەکان لەهەڵبژاردنی ژیانی دواڕۆژیاندا واتە بەئارەزووی خۆتە کام مەسیرە ڕێگا هەڵدەبژێری ، ئاشکراشە کە دونیا کێڵگەی دواڕۆژە چی تیا ئەچێنی هەر ئەوەش ئەدووریتەوە . بەڵام بێگومان هەرکام لەو ڕێگایانە ئەنجامێکی خۆی هەیە کە دەست نیشان کراوە .**

**گەر بێت و چەند نمونەیەک بکەینە بەڵگەی قسەکانمان بێگومان خوێنەر زیاتر بەرچاو ڕوون دەبێت لەمەبەستمان :**

**خوای گەورە لە دونیادا لای ڕاست و چەپی بۆ دیاری کردوین واتە چاک و خراپی بۆ دیاری کردوین کەوەک دەفەرموێت :** ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ﴾ (الإسراء: ٣١) **واتە: وە ڕۆڵەکانتان مەکوژن لەترسی هەژاری و نەداری .**

**وە فەرموویەتی:**﴿ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا﴾(الإسراء: ٣٢ ) **واتە : وە نزیکی زینا مەکەونەوە .**

**هەروەها فەرموویەتی:**﴿ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ (الإسراء : ٣٣) **واتە : وەکەسێک مەکوژن کە خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردووە مەگەر بەهۆیەکی ڕاست و ڕەوان نەبێت .**

**وە فەرموویەتی:**﴿ وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾(الإسراء: ٣٤ ) **واتە : وە نزیکی ماڵی یەتیم مەکەونەوە مەگەر بەچاکترین شێوە نەبێت .**

**وە فەرموویەتی :**﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ (الإسراء: ٣٦) **واتە : وەشوێن شتێک مەکەوە کەزانیاریت دەربارەی نییە .**

**هەروەها فەرموویەتی :**﴿ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا﴾(الإسراء: ٣٧) **واتە : وە بەسەر زەویدا بە فیز و شانازیەوە مەڕۆ بەرێوە.**

**کەهەریەک لەم کارانە و زۆری تریش خراپ و بێزارن لەلای خوا کە دەفەرموێت نزیکیان مەکەونەوەو مەیان کەن ، لەکاتێکدا ئەم فەرمانەی خوات جێبەجێکرد واتای ئەوەیە کە لای ڕاستت هەڵبژاردووە ، واتە چاکەت کردووە و ڕێگای ڕاست و دروستت هەڵبژاردووە ، وە گەر بێت و خوا نەکات بەپێچەوانەی ئەم فەرمانانەوە کارت کرد ئەوە بێگومان ڕێگا چەوت و خراپەکەت هەڵبژاردووە و گەر پەشیمان نەبیتەوە ئەوا لەڕیزی بێزراوان و بەد کرداراندا دەبیت خوا بمان پارێزێت ، جا بەڕێزانم جێی خۆیەتی سەیری ئەنجامی ئەم دوو کار پێکردنە بکەین و بزانین کۆتایەکەی چییە ؟!**

**ئەنجامی یەکەم ( چاکە کاران ) :**

**خوای گەورە دەفەرموێت :**﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ﴾ (الدخان: ٥١) **واتە : پاداشتی پارێزکاران لەشوێنی بێوەیی و ئارام دان .**

**وە فەرموویەتی:**﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ (٢١) فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾ (الحاقة: ٢١ - ٢٢) **واتە : ئەو کەسە لەژیانێکی پەسەندا دەبێت لەبەهەشتێکی بەرزدا دەبێت .**

وە فەرموویەتی:﴿ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾ (الدخان:٥٢) واتە : لەناو باخ و باخاتی نزیك كانیاودان .

وە هەر لەم بارەیەوە فەرموویەتی:﴿ يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ﴾ (الدخان: ٥٣) واتە : لە ئاورێشمی ناسك و ئەستور دەپۆشن .

دیسان فەرموویەتی:﴿ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ﴾ (الدخان: ٥٥) واتە : لەبەهەشتدا هەمو جۆرە میوەیەك داوا دەكەن .

وە فەرموویەتی:﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾(الحاقة: ٢٣) واتە : كە میوەی نزیكە دەستە .

كە پێغەمبەر ﷺ لەوەصفی بەهەشتدا دەفەرموێت : نەچاو بینیوێتی نەگوێ بیستویەتی نە بەخەیاڵی كەسدا هاتووە .

بەڵام ئەنجامی دووەم ( خراپە كاران ) :

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ كَلَّا إِنَّهَا لَظَى ، نَزَّاعَةً لِلشَّوَى ، تَدْعُو مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّى﴾ (المعارج: ١٥ – ١٧) واتە : نەخێر بەڕاستی ئاگری دۆوەخ بە بڵێسەیە داماڵێنەری پێستی سەرە بانگی كەسێك دەكات كەپشتی كردبێت لە خوا و ڕووی وەرگێڕا بێت .

وە فەرموویەتی:﴿ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ﴾ (الحاقة: ٣٦) وە خۆراكیان نییە مەگەر كێم و زوخاوی دۆزەخییەكان نەبێت .

هەروەها فەرموویەتی:﴿ إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ ، طَعَامُ الْأَثِيمِ ﴾(الدخان:٤٣-٤٤) ، واتە : بێگومان درەختی زەقوم خۆراكی تاوانبارە .

وە دەفەرمووێت:﴿ كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ ، كَغَلْيِ الْحَمِيمِ﴾ (الدخان:٤٥) واتە : وەك و خڵتەی ڕۆنی زەیتون لەناو سكەكاندا دەكوڵێ هەروەك و كوڵانی ئاوی زۆر گەرم .

جا بەڕێزانم لێرەدا هەڵبژاردن لەدەست خۆماندایە ... توخوا با تەنها خوێندنەوەیەكی سادە نەبێت ، بەڵكو بادیاری كەری جێگای دوارۆژمان بێت ، با دڵەكانمان چیتر داخرا و نەبێت و ئەمڕۆ و سبەی نەكەین لەهەڵبژاردندا ، بەڵكو هەر لە ئێستاوە بڕیاری گۆڕینی ژیانمان بدەین بەئاراستەیەكی ڕوون گەر ئاراستەی ڕێكردنمان چەوت و هەڵدێرە ؟!!

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**صباح نجیب .ك.پ.كەلار/فیزیا**

## بەرەو تاقیكردنەوە

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگارمان، درود وسەلاوات بۆ سەر گیانی خۆشەویستمان ﷺ ، بۆسەر هاوەڵان و ماڵ و خێزانی، وە شوێنكەوتوانیان بە ڕاست تاوەكو ڕۆژی پاداشت و سزا:

فێرخوازانی ئازیز وا كاتەكانی ئەم ساڵیش بەرەو كۆتایی دەڕۆن و نزیكی تاقیكردنەوەكانی كۆتاییە، جا هەر لەو ڕوانگەیەوە كە یادخستنەوە سوود بە ئیمانداران دەگەیەنێت، هەندێ شت هەن كە لەم ڕۆژانەدا بیرمان نەچێت باشە، لەوانەش:

گرنگی كات: بەڕاستی بۆ فێرخوازان هەستیارترین سەروەت كاتە، بۆیە هەوڵبدە كاتەكانت بە فیڕۆ مەدە و هەمیشە جەخت لە بەرنامەداری ژیان و دابەش كردنی كاتەكانت بكەرەوە بەجوانترین شێوە.

تەماشاكردنی تەلەفزیۆن: خۆت بە تەماشاكردنی كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان بە بیانووی تۆپێن و زنجیرە دراماكان و بەرنامە جۆراو جۆرەكان سەرقاڵ مەكە ، كە دەتوانی بەو كاتە لە دەرفەتەكانتی پێ زیاتر بكەیت و ئێستا سوودێكی ئەوتۆیان بۆت نیە.

سەردان و هاتووچۆ: كە وەسوەسەی كاتی خوێندنە، هەركات خوێندن دێتە پێش بیركردن و دەمەتەقێ خۆش و بەلەزەت دەبێ، بۆیە بە ڕوخساری هەڵمەخەڵەتێ، چونكە لەناوبەری توانا و چالاكیەكانتە لەم كاتەدا.

خەیاڵ و بیركردنەوە: كوژەر و لەناو بەری میمۆری و هاردی مێشكە، تا دەتوانی خۆت بپارێزە، كە زانیت داڵغە و خەیاڵت بۆ دێت، بڕۆ دەست و چاوت بشۆ وشوێنی سەعی كردنەكەت بگۆڕە و بەردەوام بە لە خوێندن.

كۆتا وەبیرهێنانەوەش ئەوەیە، ساڵێك لە تەمەن كەم نیە بەفیڕۆ بڕوات، وەكو دەڵێن ( كات وەكو شیر وایە، ئەگەر نەیبڕیت، دەتبڕێت)

داواكارم لە پەروەردگار یارمەتی دەری هەموو لایەك بێت و سەركەوتوومان بكات.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**م.هێرۆ حیدر: دەرچووی كوردی**

## ئایا ڕۆژێك بیرت كردۆتەوە كامیان گرنگترە ؟!

بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد :

جێگایی داخ و خەفەتە كەوا ئوممەتی ئیسلامی بەگشتی و كوردستانی خۆمان بەتایبەتی بەشتی زۆر لاوەكی و كەم بایەخەوە خەریكن و ، پەیام وهەدەفە سەرەكیەكە و گرنگەكەیان لەبیر چوتەوە ، بینیمان چۆن لە ڕۆژی ١٢ ربیعی یەكەم ، وە ڕۆژانی دواتریش یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ كرایەوە ، وە چۆن زۆر بە گەرمی و گوڕی و بەشێوەیەكی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە پیری ئەو یادەوە ڕۆیشتن و شیرینی و چكلێت بەخشرایەوە ، وە مزگەوت و بازاڕەكان بە لافیتە و پۆستەر و گوڵ ئاڵاو والاّ ڕازێنرایەوە ، چەندان كۆڕ و كۆبوونەوە و وتار و پەخشان بە هەمان بۆنەوە خوێندرایەوە ، خۆ ئەگەر بێینە سەر ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنەكان بەگشتی و ئیسلامیەكان بەتایبەتی ئەوا خوا هەڵناگرێت كەمتەرخەمیان نەكرد لە زیندووكردنەوەی ئەویادە بیدعەیەدا !! بەڵام گرینگترین و بەرزترین شتیان لەبیرچۆتەوە لە ئیسلامدا كەوا خوای گەورە پێغەمبەرانی لەپێناودا ناردوەو وە فەرمانی پێكردوون كەوا خاڵی دەسپێكی بانگەوازەكەیان بێت ، لەبیریان چۆتەوە كەوا دروشمی سێزدە ساڵی پێغەمبەر ﷺ لە مەككەدا ئەوە بوو دەی فەرموو: بڵێن : ( لا إله إلا الله تفلحوا ) ، وە هاوەڵانی لەسەر ئەوە پەروەردە دەكرد .

خۆزیە لەجیاتی ئەو هەموو ملیۆن دینارەی بۆ یادێكی داهێنراوی ناشەرعی خەرج دەكرێت بۆ ڕوونكردنەوەی یەك خواپەرستی سەرف بكرایە ، چەند بەرز و مەزن دەبوو كەوا هەموو ئەو كۆڕو ووتار و بەرنامە بیستراو بینراوانە كەوا بۆ ئەو بیدعەیە سازكراوە ، بۆ ڕونكردنەوەی مانای لا إله إلا الله و ورياكردنەوەی خەڵك لە شیرك و بیدعە و خوڕافیات بوایە .

خۆشەویستان لە دوای ئەو پێشەكیە . إن شـاء الله ـ پوختەیەكی زۆر كەم لە هەریەكەیان باس دەكەم ، بۆ ئەوەی لات ڕون و ئاشكرا بێت داخوا كامیان پێویستە پێش بخرێت لە بانگەواز و دەعوەماندا كەوا خەڵكی بۆلا بانگ بكرێت ، دەست پێ كردن بەوەی كەوا پێغەمبەران دەستیان پێ كرد ، یاخود بەشتێك كەوا هیچ ئەصڵ و ئەساسی نیە لەئیسلامدا ؟!!

**یەكەم : تەوحید و تەنها خواپەرستی :** بەڕاستی خوای گەورە جیهانی بۆ عیبادەتی خۆی دروست كردوە ، وە پێغەمبەرانی ناردوە بۆ ئەوەی خەڵك بانگ بكەن بۆلای تەوحید و تەنها پەرستنی خۆی ، وە ئەوە قورئانی پیرۆزە گرنگی بە تەوحید دەدات لە زۆربەی سورەتەكاندا ، وە زەرەرو زیانی هاوەڵ بۆ خوا پەیدا كردن لەسەر تاك و كۆمەڵگادا ڕوون دەكاتەوە ، كەوا هۆی بە هیلاك چوونە لەدونیا ، و هۆكارێكیشە بۆ مانەوە بە هەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا . بەڕاستی پێغەمبەران هەموویان دەستیان بە بانگەوازی كردووە بۆ تەوحید ، ئەوەی كەوا خوای گەورە فەرمانی پێكردبوون كەوا بانگی خەڵك بكەن بۆی . هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فاعبدون ﴾ ( سورة الانبياء : ) .

داوای لە قەومەكەی دەكرد كەوا بەتەنها خوا بپەرستن و شەریكی بۆ بڕیار نەدەن ، وە شوێن كەوتوانی هەر لە منداڵیەوە لەسەر ئەوە پەروەردە دەكرد ، ئەوەتا بە عبدالله كوڕی عەباس دەفەرموێت : " إذا سألت فاسأل الله ، وإذا استعنت فاستعين بالله " ( رواه الترمذي وقال حسن صحيح ) ، وە هاوەڵانی وا فێر دەكرد كەوا بانگەوازیەكەیان بۆ خەڵك بە تەوحید دەست پێ بكەن ، هەروەك چۆن بە مَعاذی فەرموو لەكاتێكدا دەی نارد بۆ یەمەن " فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله وفي رواية إلى أن يوحدوا الله " (حديث صحيح) واتە : با یەكەم شتێك كەوا بانگیان دەكەی بۆی با شەهادەت دانبێت بەوەی هیچ پەرستراوێكی حەق نیە لە ئاسمانەكان و زەویدا شایستەی پەرستن بێ جگە لە الله ، لە ڕیوایەتێكی تردا با بۆ یەكتاپەرستی خوا بێت .

**دووەم: ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە ﷺ :**

با بەیەكەوە وورد بینەوە لە حوكمی ئەو یادە لە ئیسلامدا ، وە ڕای زانایان لەسەری ، كەوا ئەو هەموو بەیت و باڵۆرەی بۆ لێدەدرێت . یادی لە دایك بوون داهێنراوە ، چونكە نە خوا و نە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان بە ئەنجامدانی كردووە ، وە نە بیستراویشە لە هیچ یەكێك لە هاوەڵان كەوا بەم كارە هەڵسابێت یان كردنی بە باش زانیبێت ، وە حاشا هەرگیزا و هەرگیز ئەمە لەپیشە و

کرداری تابیعن و تابیعی تابیعین و پێشەوا بەرێزەکان نەبووە ، بەڵکو بیدعە و داهێنراوێکە لەلایەن فاتمیەکانەوە داهێنراوە ، کەوا ( ابن كثير ) لە ( البداية والنهاية ) دەربارەیان دەفەرمووێت : ( كفار ، فساق ، فجار ، ملحدون ، زنادقة ، معطلون ، للإسلام جاحدون ، ولمذهب المجوسية معتقدون ) . وە هیچ زانایەکی ئەهلی سوننە و جەماعە ئەو کارەیان بەباش نەزانیوە ، بەپێچەوانەوە خەڵکیان لێ ئاگادار کردۆتەوە ، بەڵێ: ئەوە حەقیقەتی ئەو یادەیە کەوا گرنگی لە ڕادەبەدەری پێدەدەن ، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەر ﷺ لای زانایان یەکلای نەبۆتەوە ، بەڵکو ئیختیلافی لەسەرە .

لەدوای ئەم پوختەیە لەسەریان، کە لەبەر نەبوونی دەرفەت نەم توانیوە حەقی تەواویان پێبدەم دەمەوێت بەو چەند خاڵەی خوارەوە ڕوونی بکەمەوە کەوا پێویستە بانگەوازمان بەچی دەست پێ بکەین .

١ . با لەوەوە دەست بە بانگەواز بکەین کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لێوەی دەستی پێکرد ، ئەویش خەڵك بانگ کردنە بۆلای یەك خوا پەرستی ، نەك زیندوو کردنەوەی بیدعەیەك کەوا تاقمێکی گومڕا دایان هێناوە .

٢ . خۆزگە ئەوندەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگی بەو یادە و بەرنامەی تری بێسود دەدەن ، نیوەی ئەوەش بەڵکو دەڵێم چارەکی ئەوەش گرینگیان بە تەوحید بدایە .

٣ . ڕۆژێك نەمان دیت لەو حزب و گروپ و لایانانەی کەوا جەماوەر کۆدەکەنەوە لە مزگەوت و شوێنە گشتی و تایبەتیەکان بۆ کارێکی بێ شەرعی و داهێنراو، بێن هەمان خەڵك و جەماوەر بۆ تەوحید و یەکخواپەرستی کۆبکەنەوە .

٤ . ڕوو لە کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەم ، کەوا پارەیەکی خەیاڵی بۆ سەرف دەکرێت ، باواز بێنن لەچەندین بەرنامەی بێسودو بێ کەڵك کەوا نەسودی دونیاو نە هی قیامەتی تێدایە ، باواز بێنین لە پەخش کردنی ئەو فیلمە فارسیە دۆبلاژکراوانەی کەوا لەچەندین شوێن سوێند خواردن بە غەیری خوای تێدایە ، کەوا هەمووی پێچەوانەی یەك خواپەرستی پەروەردگارە ، وە سوێند بە پەروەردگار هیچ یەکێك لەو فیلمانە نیە کەوا پەیوەندی خۆشەویستی ناشەرعی تێدا نەبێت چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ، ڕەواج دان و جوان کردنی چەند کەسایەتی یەکی شیعەی تێدایە کەوا لای هەموومان ئاشکرایە چ بیرو باوەڕێکی فاسد و بۆگەنیان هەیە .

٥ . لەوانەیە شوبهەیەك باس بکرێت و بوترێت کاکە بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەوە دەستی پێکرد چونکە ئەوان موشریك و بێباوەڕ بوون ، بەڵام گەلی ئێمە موسوڵمانە ، لەوەڵامدا دەڵێم : سوپاس بۆ خوا موسوڵمانە ، بەڵام چەند زۆرن ئەوانەی کەوا باوەڕیان بە پیاو چاك و دارو بەردو پەڕۆ هەیە کەوا سود و قازانجیان پێ دەگەیەنن ، کەم نین ئەوانەی تا غەیری خوا لەوێ بێت سوێند بەخوا ناخۆن ، وە ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نین کەوا تاکو ئێستا مووروە شینکەیان بە سەیارە و ماڵەکانیانیشەوە هەڵواسیووە ، پەنا بە خوا کە ئەوانە هەموویان هۆکارێکن بۆچوونە ناو دۆزەخ !!

**ئەندازیار/ هاوکار محمود**

### چۆنیەتی دروستبونی مرۆڤ لە لایەن خودای پەروەردگارەوە بەپێی قورئان و حەدیس ، ودواتر ئاشکرابونی بە هۆی زانستی کورپەلەزانیەوە

سەرەتایەکی بۆ ماوەیی دەربارەی کرداری دروستبونی کۆرپەلە : کۆرپەلە لە ئەنجامی یەکگرتنی ئاوی نێرینە و هیلکۆکەی مێینە کە ئاوی نێرینە لە پێنج سەد تا شەسەد ملیۆن خانە پێك هاتوە و یەك خانە یەکدەگرێت لەگەڵ هیلکۆکە ، هەروەکو خودای پەروەردگار دەفەرمووی:﴿ إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ (الإنسان : ٢ ) ، واتە : بێگومان ئێمە مرۆڤمان لە تێکەڵەیەك دروست کردوە لە کاتێکدا دەمانەوێت تاقی بکەینەوە ، هەر بۆیە دەستگای بینین و بیستنمان پی بەخشی . ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز هاوڕان کە ( الأمشاج ) واتە : تێکەڵ ، ئەو تێکەڵەیەش بریتیە لە تێکەڵاوبونی ئاوی پیاو بە ئاوی ئافرەت . و فەرمودەی پێغەمبەریش ﷺ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیمامی أحمد لە موسنەدەکەیدا دەگێڕێتەوە کە : جولەکەیەك بەلای پێغەمبەری خودا ﷺ ڕەتبو کە لەو کاتەدا وتووێژی لەگەڵ هاوەڵەکانی دەکرد قورەیشیەکان وتیان : ئەی جولەکە ئەم پیاوە دەڵێ من پێغەمبەرم ، ئەویش وتی : ئێستا من لەبارەی شتێکەوە پرسیاری لێدەکەم کە تەنها پێغەمبەران . عليهم السلام . دەیزانن دەڵێ : کابرای جولەکە هات ولەوێ دانیشت وتی :

محمد مرۆڤ لە چی دروست دەبێ ؟ فەرمووی : ( ئەی جولەکە مرۆڤ لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەت دروست دەبێ ،... ) لەو کاتەدا جولەکەکە هەستاو گوتی : پێغەمبەرانی پێش تۆش هەر بەم شێوەیان دەوت) ( رواه أحمد ).

ئەی مرۆڤی لە خۆبایی لەم دێڕانەی داهاتوودا باسی قوناغ بەندی کۆرپەلە دەکەین هەروەکو چۆن قورئانی پیرۆز باسی کردوە و ڕونی کردۆتەوە ئینجا تیشك دەخەینە سەر ڕاستیە زانستیە چەسپاوەکانی هەر قۆناغێك و بەکورتی لێی دەدوێین :

یەکەم : النطفة ( سپێرم ) : بریتیە لە دیاریکەری ڕەگەزی کۆرپەلە کە لەگەڵ هێلکۆکە یەکدەگرێ کە ئەم کردارە شەش ڕۆژ بەردەوام دەبێت وە دوای ئەم قۆناغە قۆناغی ( العلقـة ) سەرەمێکوتە دەست پێدەکات هەروەکوخودای ( عزّ وجـل ) دەفەرموویێت:﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى﴾ (الحج: ٥) واتە : ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوبونەوە هەیە ، ئەوە چاك بزانن ئێمە ئێوەمان لە خاکو خۆڵ دروست کردوە ، لەوەودوا لە نوتفەیەك پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسراوێك ( سەرە مێکوتەیەك ) لە ناو منداڵدانەوە لەوەودوا دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواو سەروسیمادار یان ناتەواو ، تا بۆتان ڕونبکەینەوە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروست کردوە دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگری دەکەین تاکاتی دیاری کراو .

کەواتە : لە دوای قۆناغی نوتفە ( علقة ) دێت کە قۆناغی دووەمە وە هەر لە سەر قۆناغی ( العلقة ) دەفەرمووێ:﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾ (المؤمنون: ١٤). واتە : پاشان سەرە مێکوتەکەمان کرد بە گۆشت پارەیەك . کە ئەمەش دەیسەلمێنێت دوای قۆناغی ( العلقة ) سەرە مێکوتە گەشە دەکات و دەبێ ( المضغة ) واتە : گۆشت پارەیەك کە ئەمیش دوو قۆناغی لێ پێك دێت ( المضغة غیر مخلقة ) واتە : گۆشت پارەی ناتەواو ( المضغة المخلقة ) واتە : گۆشت پارەی تەواو .

پاشان فریشتەی بۆ ڕەوانە دەکرێ و گیانی بە بەردا دەکات و فەرمانی بە چوار شت پێ دەکرێت : نوسینی ڕزق و مردن و کردەوە ، بەد بەخت دەبێ یاخود خۆش بەخت ؟ جا سوێند بەو خودایەی کە هیچ پەرستراوێکی تر هەق نییە جگە لە خۆی نەبێ، بێگومان هەر یەکێکتان لە ئێوە وا دەبێ کاروکردەوەی بەهەشتی ئەنجام دەدات هەتا وای لێ دێت لە نێوان ئەو بەهەشت دا تەنها باڵێك دەمێنێ. بەلاّم ئەو نوسراوەی لە نێو منداڵدانی دایکی دا لە زانستی خودای گەورە دا هەبووە پێشی لێی دەگرێتەوە ئینجا دەست دەکا بە کاروکردەوەی دۆزەخی و دەچێتە ناوی. هەروەها یەکێك لە ئێوە کاروکردەوەی دۆزەخی ئەهلی دۆزەخ ئەنجام دەدات هەتا وای لێدێت لە نێوان ئەو دۆزەخ تەنها یەك باڵ دەمێنێ، بەلاّم نووسراوەکە پێشی لێ دەگرێت و دەس دەکات بە کاروکردەوەی ئەهلی بەهەشتی و دەچێتە ناوی.

* هەندێك ئەندام بەر لە هەندێکی دیکە دروست دەبن ( ئەوەتا چاوەکان و زمان ) لە هەفتەی چوارەم بەر لە لێوەکان دروست دەبن کە ئەمان لە هەفتەی پێنجەم دروست دەبن هەروەکو چۆن خودای گەورە لە قورئان دا باسی چاوەکان و زمانی لە پێش لێوەکان دەهێنێت:﴿ أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ ، وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ﴾ (البلد: ٨-٩). واتە: (ئایا جووتێك چاومان پێ نەبەخشیوە، هەروەها زمان و دوو لێومان پێ نەبەخشیوە؟) کێ ئەو ڕاستیەی بە (محمد) ﷺ گوتوە؟ ئایا ئامێری تۆبکاری و پێوانەکاری و مایکرۆسکۆبەکانی لا هەبووە؟ تاوەکو لە سیفەتەکانی کۆرپەلەمان پێ ڕابگەیەنێ کە درێژیەکەی لە (١) سم تێپەڕناکات؟ بێ گومان ئەمە تەنیا خودای گەورە و زانا پێی ڕاگەیاندوە .

پاشان دوای قۆناغی گۆشتپارەکە واتە:(المضغة) ئەوا قۆناغی دروست بوونی ئێسك دێت هەروەکو خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾ (المؤمنون: ١٤). واتە ( ئینجا گۆشتپارەکەمان بە پەیکەری ئێسك گۆڕیەوە و بە گۆشت پەیکەرە ئێسکەکەمان داپۆشیوە ئەوجا لە شێوەیەکی تر دەرمان هێناوە بەڕاستی خودای گەورە بەرز و پیرۆز و موبارەکە چاکترین بەدیهێنەر و دروست کارە ) . کە ئەمەش بە ڕاستخستنەوەی فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ ئەگەر چل ودوو شەو بەسەر نوتفە تێپەڕبوو فریشتەیەك دەنێردرێتە

لای وێنەی دەکێشێت و گوێ وچاو و پێست و گۆشت و ئێسکەکانی بۆ دروست دەکات پاشان دەڵێ : ئەی پەروەردگار نێر بێ یاخود مێ . (رواه مسلم). کە دواتر قۆناغەکانی ماسولکە و بە گۆشت داپۆشین کۆتایی دێت .

بە کورتی دەتوانین بڵێین قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە بە پێی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دابەش دەکرێ بۆ: ١/نطفة ٢/ العلقة ٣/ المضغة..کە ئەمەش دابەش دەبێت بۆ (المضغة المخلقة وغير مخلقة) .

* پاشان زنجیرە کردارەکانی دروست بوونی هەموو ئەندامەکان بە شێوەی ( تسلسل) بە فەرمانی پەروەردگار دروست دەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکی جوان و گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی بیر دەکەنەوە و ژیرن، کە ڕوونکراوەتەوە بەپێ ی (ئایەت) و (فەرموودە)ی پێغەمبەر ﷺ .

**محمّد ظاهر حمد.ز.کۆیە..ئینگلیزی قەلادزێ**

## لەبنەڕەتدا خۆشەویستی تەنها شایەنی خوای گەورەیە

خۆشەویستی ناوێکی گشتگیرە و چەندین جۆر ناوی لەژێر کۆدەبێتەوە جا جۆرە بەنرخ و بە بەهاکانی خۆشەویستی تەنها شایستە و شایەنی خودای گەورەیە و بۆکەس و شتی تر دەست نادات ، وە پەرستن و گەڕانەوە و ... هتد .

تەنها بۆ خۆی بەکار دەهێنرێت کە دەفەرموویت : ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ...﴾ ( المائدة: ٥٤ )

**واتە : خوای گەورە کۆمەڵێکی تر دەهێنێتە ژیان کە بەتەنها خوای گەورە خۆشی دەوێن و ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش دەوێت .**

وە هەروەها دەفەرموویت : ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ...﴾ ( البقرة: ١٦٥) واتە : هەندێ کەس دەچن هاو شێوە و هاوەڵ بۆ خودا بڕیار دەدەن و بە ئەندازەی خودا خۆشیان دەوێت ، بەڵام باوەڕداران خودایان لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت بە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر . وە دوو جۆر خۆشەویستی هەیە :

یەکەمیان : ناپەسەندترین جۆری خۆشەویستی :

ئەو جۆرە خۆشەویستیە کە کەسێکی ترت بەئەندازەی خودای گەورە خۆش بوێت ، واتا یەکسانی ئەنجام بدەیت لە خۆشویستنیاندا .

دووەمیان : پەسەند ترین جۆری خۆشەویستی :

ئەو خۆشەویستی یە کە بەتاك و تەنها خوای گەورەت خۆش بوێت وە ئەو شتانەشت خۆش بوێت کە خودا خۆشیانی دەوێت ، ئەمە بنەمای هەموو خۆشگوزەرانییەکە لە هەردوو دونیادا ، وە تاکە هۆکاری ڕزگار بوونە . وە بەپێچەوانەوە خۆشەویستی هاوبەشی بڕیاردان بۆ خودا مایەی سەرگەردانی و تیا چوونە . قورئانی پیرۆز زۆر بەوردی باس لەهەردوو جۆرەکەی خۆشەویستی دەکات و نموونە و چیرۆکی لەسەر دەهێنێتەوە ، هەروەها سیفات و ئاکاری هەردووکیان دەخاتە ڕوو ، پاشەڕۆژی هەریەکەیان دەست نیشان دەکات لەدونیاو قیامەت و بەرزەخدا . وە سەرجەم بڕیارو فەرمانەکانی خۆشویستنی پاك پوخت دەدات تەنها بۆ خوای گەورە و بەدوور گرتن لە هاوبەشی بڕیار دان ...

**هەڵمەت صلاح الدين :ك.پ.کەلار / بایۆلۆجی**

## زانست دەپرسێت ؟

گومان لەوەدا نییە هەرکارێك کە خواو پێغەمبەر ﷺ ئەمرو نەهییان لەسەر کردبێت بێ حیکمەت نییە ، بێگومان سوودی بۆ خۆمان و کۆمەڵگا و دونیا و قیامەتی تێدایە ، یەکێك لەوکارانە کەنەهیمان لێکراوە لەسەری تێکەڵی و پەیوەندی ناشەرعییە ، بەبیانوی ئەوەی کە مەبەستیان پێکهێنانی خێزان بێت ، گەرچی مەبەستیان ئەوەش بێت هەر نادروست و نابەجێیە ، چونکە ڕێگەپێنەدراوە لەشەرعدا ، لەڕاستیدا ئەم کارەش هۆکاری داڕووخانی بەها ڕەوشت و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە ، هەرلەبەر ئەمەشە نەهیمان لێکراوە بەکردنی ، جا پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین .

وە پێکهێنانی خێزانیش یەکێکە لەو کارانەی کە ئەمرمان پێکراوە لەبەئەنجام گەیاندنی ، بەڵام بەچی شێوەیەك ؟

بێگومان ئەمیش کۆمەڵێك یاساو ڕێگای هەیە ئەگەر ڕێگا چەوتەکان بگرینە بەر ئەوا بێگومان سەرشۆڕی بۆمان

دەمێنێتەوە لەدونیاو قیامەتدا ، لەدونیادا ئاژاوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و لەقیامەتیشدا تۆڵە وسزای خودا ، وە ئەم پەیوەندیانەش بەزۆری لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا دەبێت ( زانکۆ و پەیمانگاکان ) ، هەر لەبەر ئەمەش بەپێویستمان زانی لێپرسینەوەیەك بکەین سەبارەت بەم کردارە ، بزانین تاچەند خوێندکاران لەگەڵیدان لەکاتێکدا کەپرسیارمان کرد :

**پرسیار / پێکهێنانی خێزان لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا لەڕێی پەیوەندی ناشەرعییەوە تاچەند سەرکەوتووە ؟**

**وەڵام / ...**

**أحمد قادر ... خوێندکاری زانکۆ:**

خوای گەورە هیچ شتێك قەدەغە ناکات ئەگەر زەرەری تیا نەبێت بۆ مرۆڤەکان ، ئەگەر ئەو پەیوەندیە هەبێت ئەوا هیچ قسەیەك نامێنێت بۆ دوای زەواج بگرە بەتەلاق کۆتایی پێ دێت ، چونکە هیچ متمانەیەکیان بەیەك نامێنێت ، هەریەکەیان دوای زەواجیش وا هەست دەکات کە هاوسەرەکەی لەگەڵ چەندان کەسی تردا پەیوەندی هەیە ، بۆیە باشترین حەل کە پێغەمبەر ﷺ کە ئەفەرموێت : " هیچ خۆشەویستیەك لەنێو کوڕو کچ نییە تەنها بەمارەکردن نەبێت " .

---

**م.عبدالغفور عبدالله...مامۆستای ئایینی:**

بسم الله الرّحمن الرّحيم: الحمد لله والصّلاة والسّلام على رسول الله، أمّا بعد:

گومانی تیادا نیە کەوا پڕۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە داواکاریەکانی شەریعەتی ئیسلام، ئەمەش بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی بەدڕەوشتی و بەردەوام بوونی ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی. وە شەریعەتی ئیسلامیش بنچینە و بنەمای تایبەتی داناوە بۆ بەستنی ئەم هاوسەرگیریە.

وە هەر کاتێك ئەم پڕۆسەیە لە ناوەندەکانی خوێندندا یا لە هەر ناوەندێکی تردا لە ڕێی پەیوەندیەکی ناشەرعیەوە هاتە ئاراوە، ئەوا بێ گومان بە ئەندازەی ناشەرعیەکەی سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، چونکە ئەم هەڵبژاردنە کە بە ڕێگەیەکی ناشەرعیە، زۆربەی کات تەنها لەبەر جوانی و سەروەت و سامان و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیە لە لایەن هەر دوو ڕەگەزەکەوە، وە ئەوەی تیایدا فەرامۆش کراوە بنچینە سەرەکیەکەیە کە بریتیە لە دین و ئەخلاق و ڕەوشتی جوان، کە وەك لە فەرمودەشدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ هانی گەنجانی دا کە لەسەر بنچینەی چوارەم کە بونی دین و ئیمان و ڕەوشتی جوانە" هاوسەر هەڵبژێرن.

بۆیە ئەمانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندی ناشەرعیەوە زەواج دەکەن زۆر بە دەگمەن نەبێت بیر لەم خاڵە بە نرخ و پیرۆزە ناکەنەوە.

---

**م.هێرش قادر..مامۆستای ئامادەیی:**

بێگومان هەموو عەقڵە گەورەکانی ئەم زەویە پەییان بەوە بردووە پیرۆزترین و پڕ زانست ترین پەیام تا ئێستا کە لە زەویدا مابێتەوە دینی ئیسلامە کە تیشکی خستۆتە سەرجەم بەشەکانی ژیان لە نێویاندا هاندەری پرۆسەی هاوسەرگیرییە بە شێوازێکی شەرعی بە پێچەوانەوە نەهی کردووە لە بەستنی پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە بە ناشەرعی لە پێش زەواجدا. ڕاستتر بڵێین: ئەم ڕستەیە بەڵگەدارە چونکە سەلمێنراوەو بووە بە واقعێك ئەمڕۆ بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیداو تایبەت تر لە نێوەندەکانی خوێندندا کە بەستنی هەرجۆرە پەیوەندیەك بۆ هەر مەبەستێ لەم تەمەنەدا چەندین ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و لاڕێی ئاینی و نەگەیشتنە ئامانج کە (هاوسەرگیریە)و هەروەها دابەزینی ئاستی زانستیشی بەدوادادێت. جگە لە هەموو ئەمانە ئەمڕۆ کە لە ڕووی زانستیشەوە سەلمێنراوە کە پڕبوونەوەی خانەکانی مێشك بە بابەتێکی هەستیاری وەکو ( سۆزداری) ئاسەوارێکی خراپی هەیە لەسەر ناچالاکی مێشك، بەداخەوە دەڵێم: ئێستا کە زۆرێك لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەم وڵاتە پڕبوونەوە بەم جۆرە پەیوەندیانە هەر بۆیەش بە چاوی خۆمان و زمانمان دان بەوەدادەنێین کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی زانستی خوێندکارانمان لە دابەزیندایەو ڕێژەی کێشەو ئاڵۆزیەکانی ئەم پەیوەندیانەش لە فراوان بوون دایەو ڕێژەی جیابونەوەی ئەو هاوسەرگیریەی بەم پڕۆسەیەدا تێپەڕیوە لە زیادبووندایە کە ئەمە گەورەترین خەتەرە لە سەر هەڵوەشاندنەوەی خێزانی کوردی.

لە کۆتایدا دەڵێم: ڕاستترین ڕێگا گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە

ئاینی و زانستیەکان تاکو فێرمان بکەن چۆن و کەیی و لە کوێ و لەگەڵ کێ دا؟ بڕیاربدەین بە تایبەت بۆ پرۆسەیەکی وا گرنگ لە ژیاندا، کە پەیوەندی بە بناغەی هەردوو دنیاوە هەیە کە ئەویش (هاوسەرگیرییە) لە کات و شوێن و شێوازی تایبەت بە خۆیدا.

---

**سامان محمد ... خوێندکاری زانکۆ:**

ئێمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە لەکاتێکدا دەوترێت پەیوەندی ناشەرعی ، خۆی لەخۆیدا ئەمە دەیسەلمێنێت کە سەرکەوتوو نییە ، بەڵکو دەبێت مرۆڤ نەفسییەتی زۆر بەرز بێت و خەیاڵی بەلای ئەو شتانەدا نەچێت ، لەهەمان کاتدا پێویستە زەواج بەتێگەیشتنی ( ڕەزامەندی ) هەردولا بێت ، وە دڵنیام ئەمە تەنها ڕای من نییە بەڵکو ئەمە ڕای هەموو چینێکی تێگەیشتووە .

---

**نگین نجیب ... خوێندکاری زانکۆ:**

من پێم وایە هیچ کارێکی ناشەرعی ئەنجامی باشی نەبووە ، تائەمەش ئەنجامی باش بێت ، چی بگات بەوەی پەیوەندییەکی بەهادار و پیرۆز وەك زەواج لەسەر ئەو ئینتمایە پێك بهێنرێت ، وە بگرە چەندەها کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ڕۆشنبیری لەهەر ناوەندێکی خوێندندا ، چونکە خوێندکاران ئەرکە گرنگەکەیان بیر دەچێتەوە و بەشتێکی ئابڕوبەر و لاوەکییەوە خەریك دەبن ، ئەویش ئەو پەیوەندییە هەڵەیە بەبیانووی زەواج ، وە ئەتوانین بڵێین کە بڕێکی کەمی ئەو پەیوەندییە ئەنجامی زەواجە ، بەڵکو زۆربەی بۆکات بەسەر بردن و بەگوێ کردنی ئارەزو و شەهەواتە ، وە ئەگەر بەزەواجیش کۆتایی بێت ئەوا هەر سەرکەوتوو نابێت ، چونکە پێشتر هەموو وشە خۆشەویستییەکانی پێشکەش بەکەسەکە کردووە ، شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە بۆ کاتی خێزانداری .

**ئامادەکردنی/ صباح و جیهاد**

## سوێندخواردن بە قورئان و تێبینیەك!!!

وەك لای هەموو کەسێکی ژیر ئاشکرایە (موسوڵمان بێت یان نا) کە سوێند خواردن مانای ڕێز لێنان و بە گەورەدانانی سوێند پێ خوراوە و ئەم کارەش بەشێکە لە عیبادەت وعیبادەتیش تەنها بۆ خودای مەزن دەکرێت، هەر بۆیە نابێت موسوڵمان بە جگە لە یەکێك لەم سێ شتە ڕێپێدراوە زیاتر سوێند بخوات:

١-سوێند خواردن بە خودی خوای گەورە، وەکو(سوێند بەخوا، سوێند بە پەروەردگاری جیهانیان، سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە، ...)

٢-سوێندخواردن بە ناوەپیرۆزەکانی خوای گەورە، وەکو(سوێند بەگەورەیی خوا، سوێند بە دادپەروەری خوا، سوێند بە دانایی خوا، ...)

٣-سوێندخواردن بە سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە، وەکو(سوێند بە عزەتی خوای گەوە، سوێند بە بەخشندەیی خوای گەورە، ...)

هەربۆیە وەیەکێك لەو شتانەی کە لە شەرعدا ڕێگەی پێدراوە سوێندی پێ بخورێت بریتیە لە قورئانی پیرۆز بەو حوکمەی کە قورئان وتەی خوای گەورەیە و یەکێکە لە سیفەتەکانی ، بەڵام دەبێ هەموو کەس ئەوەی لەیادبێ لەکاتی سوێندخواردن بە قورئان کە دەبێت مەبەستی ووتەی خوای گەورە بێت نەك خودی ئەو کتێبەی بەردەستمان کە پێك هاتووە لە پیت و پەڕە و بەرگ، هەر بۆیە ڕاستر وجوانتر وایە بووتریت(سوێند بەکەلامی خوا) کە ئەم شێوازە زیاتر لەسەر زاری هەندێك لە خەڵکی بەساڵاچوو دەبیسترێت.

**م.فلاح حسن : دەرچووی ئینگلیزی**

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : سئل رسول الله ﷺ عن أكثر ما يدخل الناس الجنة؟ قال : تقوى الله وحسن الخلق وسئل عن أكثر ما يدخل الناس النار؟ قال : الأجوفان : الفم والفرج.

واتە: لە پێغەمبەری خوایان پرسی کە چی زۆر خوڵك دەباتە بەهەشتەوە؟ فەرموی: تەقوای خودا و جوانی ڕەوشت. پرسیان ئەی چی زۆر دەخاتە دۆزەخەوە؟ فەرموی: دوو ناو بۆشەکە: دەم و عەورەت.

## القلب

الحمد لله رب العالمين ، وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ... أما بعد :

فإن القلب محل التقوى قال تعالى : ﴿ وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ ﴾ الأعراف آية (٢٦)

وقال رسول الله ﷺ : " .... و أشار إلى صدره ثلاث مرات التقوى ها هُنا " ( رواه مسلم ) ، ومعناهُ في القلب .

وهو محل القرآن ، ومحل نظر الله تعالى كما قال رسول الله ﷺ : " إن الله لا ينظرُ إلى أجسامكم ولا إلى صوركم ولكن ينظرُ إلى قلوبكم وأعمالكم " ( حديث صحيح ) .

إن زاغ القلبُ زاغ صاحبهُ ... وإن ضل القلب ضل صاحبهُ ... وإن اهتدى القلب اهتدى صاحبهُ .

والقلب ملك الأعضاء ، إن طاب الملك طاب جنودهُ ( الجوارح ) وإن خَبُث الملك خَبُث جنوده ( الجوارح ) .

القلوب ثلاثة أنواع : ابحث عن حال قلبك :

١ . القلب السليم :

فهو القلب الذي سلم من الشبهات والشهوات والمرض ، وهو القلب الذي يمتلئ بحب الله ورسوله و أصحاب الرسول .

هو القلب الذي إذا أحب ، أحب لِله، و إذا أبغضَ ، أبغضَ لِله وإذا أعطى ، أعطى لِله ، وإذا منع ، منع لله ، وهو خير القلوب .

٢ . القلب الميِّت : فهذا لا حياةَ فيهِ ، لايعرف ربه ولا يعبدُه ، الهوى إمامهُ ، والشهوة قائدهُ .

٣ . القلب المريض : فيهِ الحياة وفيهِ المرض ، إذا غلب عليهِ المرض مات ، وإن غلبت عليهِ الحياة سلم . اللهم اجعلنا من الذين سلم قلوبهم من الشبهات والشهوات .

فيا من تريد أصلاح قلبك :

١ . زين قلبك بزينة الإيمان والعقيدة الصحيحة وبالتوحيد و بـ ( لا إله إلا الله ) .

٢ . نوِّر قلبك بالقرآن الكريم حفظاً وفهماً وتدبراً وعملاً ، كما قال الله تبارك وتعالى : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ( سورة يونس آية : ٥٧ ) .

وقال رسول الله ﷺ : " اللهم إني عبدك وابن عبدك ... أن تجعل القرآن ربيع قلبي ونور صدري وجلاء حزني وذهاب همي " ( حديث صحيح ) .

٣ . اجعل قلبك مطمئنا بذكر الله ، قال تعالى : ﴿ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( سورة الرعد : ٢٨ ) .

٤ . رقق قلبك بزيارة القبور قال رسول الله ﷺ : " كنتُ نهيتكم عن زيارة القبور ألا فزورها فإنها تذكرة للآخرة " ( رواه مسلم ) .

٥ . احفظ قلبك من المعاصي والذنوب ، قال تعالى : ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ ( المطففين : ١٤ ) : ران : أثر المعاصي .




وقال رسول الله ﷺ : " تعرض الفتن على القلوب كعرض الحسير عوداً عوداً " ( حديث صحيح ) .

٦ . احفظ قلبك من الأمراض : الشهوات والشبهات : قال تعالى : ﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً ﴾ ( البقرة : ١٠ ) .

وأخيرا أكثر من هذا الدعاء : (( اللهم يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك . اللهم يا مصرف القلوب والأبصار صرف قلبي على طاعتك )) .

والحمد لله رب العالمين

هَوار عادل:ك.ت. كلار/ قسم الفيزياؤ

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.